
سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: خوازیاری ئەوەین بۆ نەهێشتنی گرفتەکان رێگەچارەی دوور لە موزایەدات و لە چوارچێوەی میکانیزمە دەستوورییەکان بگیرێتەبەر



خەبات
XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5908) یەک شەممە 12ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوێنێ شەممە 11ی 1ی 2020لە شاری هەولێر سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق و شاندێکی بالای حکوومەتی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و پێشهات و گرژییەکانی ئەم دواییەی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و سەرۆکوەزیرانی عێراق پێزانینی بۆ هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستان لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق هەبوو و بە هەڵوێستی هاوسەنگ و بەرز لەقەڵەمی دا و جەختیشی لە هەماهەنگی و برایەتی و پەیوەندیی بەردەوامی هەردوولا کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی ئەوەی دووپات کردەوە کە خوازیاری ئەوەیە کێشە و قەیرانەکانی عێراق چارەسەر بێن و لەگەڵ ئەوەدایە کە بۆ نەهێشتنی گرفتەکان، ڕێگەچارەی دوور لە موزایەدات و عەقڵانی و لە چوارچێوەی میکانیزمە دەستوورییەکان بگیرێتەبەر.

لە بەشێکی تری ئەو دیدارەدا هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کەوتووەتە قۆناغێکی ئیجابی و نوێ و بەردەوامیی ئەو کەشە ئیجابییەی نێوان هەردوولا بە پێویست زانرا.

هەرەشە و مەترسییەکانی بەهێزبوونەوەی تیرۆریستانی داعش تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

جێگەی ئاماژەپێکردنە لەو کۆبوونەوەیەدا فازڵ میرانی سکرتێر و د. ڕۆژ نووری شاوەیس و هۆشیار زێباری و ئازاد بەرواری و مەحمود محەمەد و جەعفەر ئیمینکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی بوون.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی کۆبوونەوە

هەردوولا جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە



بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، جەختیان کردەوە کە عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق بێت و هەموو لایەنەکان پێکەوە کار بکەن بۆ ئاڵۆزترنەبوونی زیاتری دۆخەکە و گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری، بەرژەوەندییەکانی عێراقیش ئەوەیە هەموان بێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە حکوومەت و گەلی عومان دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پرسەنامەیەکدا بە بۆنەی کۆچی دواییی سوڵتان قابووس بن سەعیدەوە، سەرەخۆشی لە سوڵتانی نوێ هەیسەم بن تارق ئال سەعید و گەلی عومان کرد، **(دەقەکەی لە ل3 بخوێنەوە)**

سوڵتانشینی نوێی عومان دەستنیشانکرا



دوای ئەوەی ڕۆژی هەینی سوڵتانشینی عومان، قابوس بن سەعید دوای 49 ساڵ لە حوکمڕانی لە تەمەنی 79ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید وەک نێوەمین سوڵتانشینی نوێی ئەو وڵاتە سوێندی یاسایی خوارد. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات

عادل عەبدولمەهدی: دەرفەتێکی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا



دوێنێ شەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی بالای حکوومەتی فیدراڵی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرەکان ئامادەبوون، گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سوپای پاسداران بەرپرسیاریەتی خۆی لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە ڕاگەیاند

ئۆکراینا: دەبێت ئێران ئەنجامدەرانی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەمان سزا بدات



ئەمەریکا سزای دیکە بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت

ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند، سزای دیکە بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت لەنێویاندا فەرماندەی هێزەکانی بەسیج بەهۆی ئەو هێرشە مووشەکییەی بۆسەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئەنجامیدا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند کە ئەو بەرپرسە لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو. لەم بارەیەوە دوێنێ شەممە فەرماندەی هێزی ئاسمانی سەربە سوپای پاسداران، ئەمیرعەلی حاجی زادە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: ئێمە بەرپرسین لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە بە هەڵە ڕوویداوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان:

بە هیچ شێوەیەک سازش لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی ناکەین



وابپیارە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و دەنگ لەسەر پرۆژە یاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) و پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) بدات و خوێندنەوەی دووەمیش بۆ پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بکات. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک دەکات

سەرۆک بارزانی: نەمانی هاوپەیمانان لە ناوچەکە دەبێتە هۆی ئەوەی تیرۆر لەژێر ناوی جۆراوجۆر بەهێز ببێتەوە



ڕۆژی پێنجشەمە 9ی 1ی 2020لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە دەیڤید شینکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە ستیف فەگین کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر و چەند ڕاوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

لە دیدارەکەدا دوایین پێشهاتەکانی عێراق و گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە تاوتوێ کرا.

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی پابەندە بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان و خوازیاری ئەوەیە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکەوێتە سەر ڕێگەیەکی دروست و سەقامگیری بگەڕێتەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی ڕۆشنایی خستەسەر ڕۆڵی گرنگی هاوپەیمانان لە یەکلاییکردنەوەی شەڕی تیرۆر و، هۆشداریی ئەوەیشی دا کە نەمانی هێزی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر تیرۆر لەژێر ناوی جۆراوجۆر بەهێز ببێتەوە.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و هەنگاو و ڕێگەچارەکان بۆ چاککردنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەجێگەیاندنی داواکارییەکانی خۆپێشاندەرانی پارێزگاکانی ناوەند و باشووری عێراق تەوەری تری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات

عادل عەبدولمەهدی: دەرفەتێکی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا

مەسرور بارزانی: جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوولا پێویستی بە بڕیار و ئیرادەیەکی جیددی هەیە



دوێنێ شەمە 11/1/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای حکوومەتی فیدراڵی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرەکان ئامادەبوون، گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا.

سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە بنەمایەکی باشیان بۆ پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی داناوە و ئێستاش دەرفەتێکی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا، بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندی هەموو دانیشتوانانی عێراق بێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی کردەوە، کە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوولا پێویستی بە بڕیار و ئیرادەیەکی جیددی هەیە کە گرفتەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها ئاماژەی بەوەدا، کە داعش هێشتا هەڕەشەیەکی جیدیە بۆسەر تەواوی عێراق، بۆیە پێویستی بە هەماهەنگیەکی زیاتر هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بە هاوکاری هێزی هاوپەیمانان.

هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە، کە پێویستە عێراق دووربێت لە ململانێی هەرێمی و دەرەکی و پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بپارێزێت.

بارەگای بارزانی هەواڵێک لەبارەی «دەستپێشخەرییەکی سەرۆک بارزانی» ڕەتدەکاتەوە

دوێنێ شەمە بارەگای بارزانی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا ڕایگەیاند، کە سەرۆک مەسعود بارزانی هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق نەبووە. ڕوونکردنەوەکەی بارەگای بارزانی دوای ئەوە هات کە ژمارەیەک مانشێتی عێراقی ڕایانگەیاندبوو کە گوایە سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق دەستپێشخەریی هەیە و زۆربەی لایەنە شیعەکانیش ئەم دەستپێشخەرەیان ڕەتکردووەتەوە. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ژمارەیەک سایتی کوردی و عەرەبی هەواڵێک بڵاو بووەتەوە کە گوایە سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پرۆسەی سیاسی عێراق دەستپێشخەریی هەیە و زۆربەی لایەنە شیعەکان ئەم دەستپێشخەرییەیان ڕەتکردووەتەوە.

لێرەدا بە گشت لایەکی ڕادەگەیێنین کە ئەم هەواڵە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە. لە بنەڕەتدا سەرۆک بارزانی دەستپێشخەریی نەبووە تاکو کەسێک یان لایەنێک ڕەتی بکاتەوە.

ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی
11ی 1ی 2020

بارەگای بارزانی جەژنی (قەوڵتاس) لە خۆشک و برایانی کاکەیی پیرۆز دەکات

بە بۆنەی جەژنی سێ شەوەی یاران (قەوڵتاس)، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی خۆشک وبرایانی کاکەیی (یارسان) دەکەین و هیوادارین جەژنەکەیان بە ئارامی و خۆشی بەسەر ببەن. وەک هەمیشە، ڕێز و پێزانینمان بۆ خەبات و ڕۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی خۆشک و برایانی کاکەیی هەیە و ئەم ئارامی و پێکەوە ژیانەی پیکهاتەکانی گەلەکەمان، بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی هاوبەشمانە و پاراستنی ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییانەیەش ئەرکی هەرە لەپێشی هەموومانە.

هەمیشە لە جەژن و خۆشیدا بن

بارەگای بارزانی
10ی 1ی 2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجام دا

وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەوڵەکانی لە پێناو هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە

مەسرور بارزانی: سەقامگیریی و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان لە قازانجی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دایە





ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە 2020/1/8 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندرو مۆربسن وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور پەیوندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا.

لە پەیوەندییەکەدا، وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور، سوپاسی هەوڵەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەوڵەکانی لە پێناو هێورکردنەوەی گرژییەکان لە ناوچەکە و، هەردوولا لەمبارەیەوە هاوڕابوون کە پێویستە دۆخەکە ئارام بکرێتەوە.

وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور، پابەندبوونی خۆی بە سەقامگیریی و سەروەریی عێراق دووپاتکردەوە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە حکوومەتی هەرێم لە هەوڵەکانی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بەردەوام دەبێت.هەروەها جەختیشی لە گرنگیی بەردەوامبوونی هاوکاری و پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.


سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتیکردەوە کە سەقامگیریی و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان، لە قازانجی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دایە. هەروەها جەختی لە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانیش کردەوە و هیوای خواست، حکوومەتی فیدراڵی ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت.

پیرۆزباییناممەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی سێ شەوەی یاران (قەوڵتاس)

بە بۆنەی جەژنی سێ شەوەی یاران (قەوڵتاس) ی کاکەییەکان، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

پیرۆزبایییەکی گەرم ئاراستەی خوشک وبرا کاکەییەکانمان(یارسان) دەکەم بە بۆنەی جەژنی سێ شەوەی یاران. هیوادارم جەژنەکەیان لە خۆشی و کامەرانیدا بەسەر ببەن. کاکەییەکان (یارسان) پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردن و لە ژێر سایەی ئەو بەیەکەوەژیانە ئاینی و نەتەوەییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە ، مافەکانیان پارێزراو دەبێت .

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/10



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی کۆبوونەوە

هەردوولا جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە

بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، جەختیان کردەوە کە عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی مڵمڵانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق بێت و هەموو لایەنەکان پێکەوە کار بکەن بۆ ئاڵۆزترنەبوونی زیاتری دۆخەکە و گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری، بەرژەوەندییەکانی عێراقیش ئەولەویەتی هەموان بێت.

سەرلەبەیانیی دوێنێ شەممە 11/1/2020 دوای ئەوەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق بە سەردانێک گەیشتە هەولێر و لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا، هەردوولا کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق و لێکەوتەکانی دواپێن ڕووداو و پێشهاتەکانی دەسپێکی ساڵی تازە لە بەغدا و گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و خۆپیشاندانەکانی عێراق و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و دیالۆگی چارەسەرکردنیان تاوتوێ کرا.

گرنگیی بەردەوامیی هاوکاری و پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆردا و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و جموجوڵی تیرۆرستانی داعش لە عێراق و بەتایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراق، بابەتێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە تیایدا هەردوولا جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە دانیەخۆداگرتن و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جێگیرکردنی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە و نەبوونی عێراق بە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشە و مڵمڵانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، کردەوە. ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 9/1/2020 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز دەیڤید شینکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا گرژییەکان و دواپێن پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکەیان تاوتوێ کرد و تیشکیان خستە سەر پەیوەندییەکان و دیالۆگی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ڕۆژی پێنجشەممە 2020/1/9 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە دەیڤید شینکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک کرد. لە دیدارەکەدا کە ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەیبوو، دوا پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانیی خۆی لە گرژبوونی بارودۆخی ناوچەکە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ئەمدواییە دەربڕی و جەختیشی لە سەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکە کردەوە.

هەردوولا هاوڕابوون لە سەر ئارامکردنەوەی بارودۆخی عێراق و هاتنەئارای حکوومەتێکی کارا و بەرپرسیار لە بەغدا کە پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ هەرێم هەبێت و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت .

سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سەرەخۆشی لە حکوومەت و گەلی عومان دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پرسەنامەیەکدا بە بۆنەی کۆچی دواییی سوڵتان قابووس بن سەعیدەوە، سەرەخۆشی لە سوڵتانی نوێ هەیسەم بن تارق ئال سەعید و گەلی عومان کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

خاوەنشکۆ سوڵتان هەیسەم بن تارق ئال سەعید،
سوڵتانی عومان، خوا بتانپارێزێ..
سڵاوی خواتان لێ بێت.

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییی خاوەنشکۆ سوڵتان قابووس بن سەعید بن تەیمورمان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی گەرم لە بەڕێزتان و لە ڕێی ئێوەشەوە لە خانەوادەی پایەدارتان و هەموو گەلی عومانی دۆست دەکەم. لە خوای گەورە تکاکارم کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و لەم کۆستە سەختەدا سەبووری و ئارامیتان پێ ببەخشێ و گەل و وڵاتەکەتان هەردەم لە ئاشتی و سەقامگیری و پێشکەوتندا بن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/1/11

پەیامی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی
بۆ جەژنی قەولتاسی یاران

بە بۆنەی جەژنی قەولتاسی یارانی کاکەییەکان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برایانی کاکەیی و تەواوی یارسانان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قەولتاسی یارانەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی کاکەیی و تەواوی یارسانان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم، هیوادارم جەژن لەگەڵ خێدا سەقامگیری و ئاسوودەیی بهێنێت و مایەی خێر و خۆشیی هەموو لایەک بێت.

لە خوای مەزن داواکارم ڕۆژوو و نزاتان قبوڵ بکات، جەژنتان پیرۆز و هەموو ساڵێک بە خۆشی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/1/9

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبوونەوە

گرژییەکان و دواپێن پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکەیان تاوتوێ کرد



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری وزەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا

وەزیری وزەی ئەمەریکا ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان



ڕۆژی هەینی 2020/1/10 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دان بروليێ وەزیری وزەی ئەمەریکا گفتوگۆیان دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کرد، بە تایبەتی لە بواری وزەدا.

وەزیری وزەی ئەمەریکا، ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیاکانی وزەی ئەمەریکا ڕۆلێکی کاراتر بگێڕن لە گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولادا ، بۆ ئەم مەبەستەش لە پەیوەندیی بەردەوامدا دەبن.

پرسەنامەیەک
لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دواییی قەشەی کۆیە و هەرمۆتە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، پرسەنامەیەکی ئاراستەی مەتران بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەساقیفەی کلدانی و بنەماڵەی قەشە (دنحا تۆما یوسف) قەشەی کۆیە و هەرمۆتە کرد کە ئەمڕۆ بە ڕووداوێکی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێل لە نێوان هەولێر و کۆیە، گیانی لە دەست دا.

ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

ڕێزدار مەتران مار بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەساقیفەی ئیبارشیەی ئەربیلی کلدانی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییی قەشە دنحا تۆما یوسف ، قەشەی (کۆیە و هەرمۆتە)ی کەنیسەی کلدانی کاسۆلیکیم بیست، کە بە ڕووداوێکی دڵتەزێن مالئاوایی کرد. بەو بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشیی لە بەڕێزتان و بنەماڵەی کۆچکردوو و کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین. خوای گەورە کۆچکردوو بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/11

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکات



نووسینگەی جێگری سەرۆک لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پارتی لە هەردوو پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنج شەممە 9/1/2020 لەنووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پارتی بەئامادەبوونی بەڕێزان مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دڵشاد شەهاب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تەها بەرواری بەڕێوەبەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرەتا هەڵوێستی فراکسیۆنی پارتی بەرامبەر ئەو پێشهاتانە بۆ ئامادەبوان خستەڕوو و یەک بە یەک هەڵوێستی فراکسیۆنەکانی دووپات کردەوە لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵات.

دواتر بەڕێز دڵشاد شەهاب باسی لە کاریگەری و گرنگیی کۆبوونەوە دەوریەکانی نێوان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی بەئامادەبوان گەیاند و تێشکی خستە سەر پێویستیی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوشێوە. دواتر بەڕێز مەحمود محەمەد لە وتەیەکیدا بۆ ئامادەبووان، تێشکی خستە سەر دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتی دوا پێشهاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و لەمبارەیەوە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەرامبەر ئەو پێشهاتانە بۆ ئامادەبوان خستەڕوو و یەک هەڵوێستی فراکسیۆنە هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها کۆبوونەوەکانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد کە بەهۆیەوە ئێستا فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بە یەک هەڵوێست و بە یەکدەنگی بەرامبەر هەر پێشهاتێک کار دەکەن و پێگەی هەرێمی کوردستان زیاتر بەهێز دەکەن.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا خاتوو ئیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باسی لە دوا پێشهاتەکانی کاری پەرلەمانی لە بەغدا و بەیەکەوە کارکردنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و هەنگاوی داهاتوویان لە کاری پەرلەمانیدا و ڕێگریکردن لە بڕیاردانی تاکلایەنانە لە پەرلەمانی عێراق، کرد.

تاوتوێ کردنی پێشهاتەکانی ئەم دواییەی عێراق و هەڵوێستە سیاسی و بەرپرسیارانە و هاوسەنگەکانی هەرێمی کوردستان بەرامبەریان، ململانێی وڵاتان لە عێراق و پێشێلکردنی سەروەرییەکەی، بەهێزکردنی کۆبوونەوەکانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێم لەگەڵ پارتە سیاسییەکان بە ئامراز و پرنسیپی نوێ، بەهێزترکردنی گیانی پێکەوە کارکردن و بایەخ دان بەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی پەیوەندییان بە خزمەت و بەژدەوەندیی گشتی گەل و وڵاتەوە هەیە و خستنەڕووی چەند بیر و بۆچوونێک لەلایەن پەرلەمانتارانی ئامادەبووەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.





ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان: بە هیچ شێوەیەک سازش لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی ناکەین

خەبات/عەلی بانیشاری

وابپیارە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 12ی1ی 2020 پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و دەنگ لەسەر پرۆژە یاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) و پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) بدات و خوێندنەوەی دووەمیش بۆ پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بکات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: هیچ سازشێک لەسەر یاسای چاکسازی ناکەین.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ یەک شەممە 12ی کانوونی دووەمی 2020پەرلەمان دانیشتنی ژمارە 13ی ئاسایی ئەنجام دەدات. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: بەپێی حوکمی مادەی 5 و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لە مادەی 16و بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (18) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە مادەی 20و مادەکانی (52, 48, 47, 57, 56, 55, 54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 13ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2020/1/12 بەمشێوەیە بێت:

یەکەم: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بەپێی حوکمی مادەکانی (97, 96, 92, 91, 90) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

دووەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) بەپێی حوکمی مادەکانی (91,92, 90, 96, 97) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای (چاکسازی لەخانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بەپێی حوکمی مادەکانی (87 ،88 ،89 ،92) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

ئومێد خۆشناو بۆ (خەبات) گوتیشی: پرۆژەی چاکسازی لە حکوومەتەوە هاتووەتە پەرلەمان و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە کۆی دەنگ پەسندکراوە. ئەوەشی گوت: لە بەپێی حوکمی مادەکانی (97, 96, 92, 91, 90) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

دووەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) بەپێی حوکمی مادەکانی (91,92, 90, 96, 97) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای (چاکسازی لەخانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بەپێی حوکمی مادەکانی (87 ،88 ،89 ،92) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

ئومێد خۆشناو بۆ (خەبات) گوتیشی: پرۆژەی چاکسازی لە حکوومەتەوە هاتووەتە پەرلەمان و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە کۆی دەنگ پەسندکراوە. ئەوەشی گوت: لە پەرلەمانی کوردستان شەش لیژنە گفتوگۆیان لەسەر پرۆژەکە کردووە کە نزیکەی 70پەرلەمانتار بوون. ئاماژەی بەوەشدا گفتوگۆی شەش لیژنەکە پرۆژەکەی دۆڵەمەندتر کردووە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دشلێت: جەماوەری کوردستان و دەنگدەرانی پارتی دڵنیا دەکەینەوە ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گیرفان پڕکردن نەهاتوونەتە پەرلەمان، بەڵکو خۆیان دەکەنە قوربانی میژووی پڕ لە شانازی پارتی و سەروەریەکانی و ڕێگە نادەین بەهیچ جۆرێک ئەو پرۆژەیە ببێتە قوربانی ئەو دەنگە ناشازانەی کە چاویان بە باشی کوردستان هەڵنایەت. ئومێد خۆشناو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە چاکسازی دەکرێت.



هێمن هەورامی: ڕێگە نادەین یاری بە پرۆژە یاسای چاکسازی بکرێت

ئەوانەی لە بەرژەوەندییان دەدرێت لەگەڵ پرۆژەکە نین و فرمێسکی تیمساحی دەڕێژن

خەبات: هێمن هەورامی سەبارەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی، ڕایگەیاند: ئەوانەی لە بەرژەوەندییان دەدرێت لەگەڵ پرۆژەکە نین و گوشاری جیاجیا و کۆسپیش دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی پرۆژەکە لەباربەرن، بەڵام ڕیگانادەین یاری بە پرۆژەکە بکرێت.

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە پۆستێکیدا لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردەوە، سەبارەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی ڕایگەیاند: جەماوەری کوردستان دڵنیا دەکەینەوە لەسەر بنەمای داپەڕووەری و بۆ کوردستانێکی بەهێز، هیچ کۆسپێک ڕێگر نابێت. ئەوانەی لە بەرژەوەندییان دەدرێت و لەگەڵ پرۆژەکە نین و هەر ڕۆژە گوشاری جیاجیا و کۆسپ دەدۆزنەوە و لەژێر پەردەی مووچە و خانەنشینی فرمێسکی تیمساحی دەڕێژن، دەیانەوێت پرۆژەکە لەباربەن، دەشبێنن کە چۆن پابەندی بنەماکانی داپەڕووەری و سەرخستنی ئیرادەی چاکسازی دەبین و سیاسەت و ڕێبازی بارزانیی نەمر و پابەندبوون بە کارنامە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان دوور لە موزایەدە سەردەخەین و کەس لە هەڤاڵانمان لە دەرەوەی سیاسەت و ڕێبازی پیرۆز، بۆ بابەتی کەسی هەوڵ نادات و ڕیگە نادەین یاری بە پرۆژەکە بکرێت.

هەیسەم بن تارق بوو بە سوڵتانشینی نوێی عومان

سوڵتانشینی عومان بوو کە بڕیار بووە تا ساڵی 2040 بەردەوام بێت.

هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید لە دایکبووی 1954لە و بە پێچەوانەی قابوس بن سەعید کە هیچ منداڵی نەبوو، باوکی چوار منداڵە، هەروەها شەش برا و دوو خوشکی هەیە.

بەپێی دەستووری سوڵتانشینی عومان، هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید لە دوای کۆچی دوایی قابوس بن سەعید وەک نزهەمین سوڵتانشینی نوێی ئەو وڵاتە لە بەردەم ئەنجوومەنی بەرگریی وڵاتەکەیدا سوێندی یاسایی خوارد. دوای کۆچی دوایی قابوس بن سەعید، ئەنجوومەنی بەرگریی سوڵتانشینی عومان داوای لە خانەوادەی دەسەڵاتداری وڵاتەکەی کردبوو کە جێگرەوەیەک بۆ شوێنی قابوس بن سەعید دیاری بکات. پێشتر دیوانی سوڵتانشینی عومان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دوای ئەوەی ڕۆژی هەینی سوڵتانشینی عومان، قابوس بن سەعید دوای 49ساڵ لە حوکمڕانی لە تەمەنی 79 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید وەک نزهەمین سوڵتانشینی نوێی ئەو وڵاتە سوێندی یاسایی خوارد. ئەمەش دوای ئەوە دێت قابوس بن سەعید بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات لە وەسێتنامەکەیدا کە ئاشکرا کراوە داوای کردووە هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید شوێنی ئەو بگرێتەوە.

سوڵتانشینی نوێی عومان، هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید ئامۆزای قابوس بن سەعیدی کۆچکردووە لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین پۆستی گرنگی لە نێو حکوومەتەدا پێدراوە. هەیسەم بن تارق بن تەیمور ئال سەعید لە ساڵی 2002ەوە تا ئێستا وەزیری کولتوور و ڕۆشنبیری بووە و هاوکات سەرۆکی لێژنەی دیدی داهاتووی کۆمپانیا ئیرانیانەدا مامەڵە بکات.

لای خۆیەوە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ جەختی لەوە کردەوە کە سزاکانی ئەمەریکا کرۆکی دەزگای ئاسایشی ئێرانی کردووەتە ئامانج. پۆمپیۆ ئاماژەی بەوەشکرد کە سەرۆکی ئەمەریکا بە ڕوونی باسی لەوە کرد، سزا ئابووریەکانی دژی ئێران بەردەوام دەبن، و ناوەستن تا تاران دست لە چالاکییە تیرۆریستییەکانی هەڵنەگرێت یان هەوڵی بوون بە خاوەن چەکی ئەتۆمی نەوەستێنێت.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی کە لە بۆردوومانێکی ئەمەریکا لە عێراق کوژرا، گوتی: زانیاریی هەواڵگریمان لەبەردەستدابوو لەبارەی هێرشی ئێران کە قاسم سولەیمانی پلانی بۆدانابوو. ڕۆژی پێنجشەممە، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندبوو، سزای زیاتر بەسەر تاراندا دەسەپێنن.

ئیتوارەی دوێنێ هەینی قابوس بن سەعید لە تەمەنی 79 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خرابووە ڕوو کە بە بۆنەی کۆچی دوایی قابوس بن سەعید-ەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمینی لە سەرتاسەری سوڵتانشینی عومان ڕاگەیەندراوە. قابوس بن سەعید کە لە 1940لە دایکبووە، لە 23ی تەموزی 1970دەسەڵاتی گرتە دەست و لەو کاتەوە حوکمڕانی سوڵتانشینی عومانی دەکرد.

ئەمەریکا سزای دیکە بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت

مایک پۆمپیۆ: سزاکانی ئەمەریکا کرۆکی دەزگای ئاسایشی ئێرانی کردووەتە ئامانج

ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند، سزای دیکە بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت بەهۆی ئەو هێرشە مووشەکییەی بۆسەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئەنجامیدا. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا ئەو سزایانەیان ئاشکراکرد کە دژی ڕژێمی ئێران سەپێنراون، لەنێویاندا فەرماندەی هێزەکانی بەسیج.

لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن ئاشکرایکرد کە سزایان بەسەر کەرتی کانەکانی سەرەکی و کۆمپانیا و کەشتییەکانی کواستنەوەی کەلوپەل، هەروەها هەشت بەرپرسی پلە باڵای ئێرانیدا سەپاندووە.

ستیڤن منوچن ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەمەریکا سزای بەسەر ئەو بەرپرسانەی ئێراندا سەپاندووە کە لە هێرشە موشەکییەکەی سەر بنکە سەربازییەکانیان لە عێراق تێوەگلاون. وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا گوتیشی: سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ فەرمانی جێبەجێکردنی سزای زیاتر دژی هەرکەسێک دەردەکات کە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا ئێرانیانەدا مامەڵە بکات.



لە سالڕۆژی کۆچی دوایی

شێخ ئەحمەد بارزانی

دەڤەری بارزان... لانکەی کوردایەتی و پێکەوەژیان و ژینگەپارێزیی کوردستان

موسلیم دۆلەمەری:

لای هەموومان ئاشکرایە کە بارزان هەر لە سەرەتاوە لانکەی کوردایەتیی و بنیاتنانی نەوەی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە، نمونەش ئەوەیە جگە لەوەی کە بارزان لاندکی چەندین شۆڕش بووە دژ بە دوژمنانی گەل و خاکمان، هەمیشەش پاڵپشتبووە بۆ رۆڵە قارەمان و گیانلەسەردەستەکان لە شۆڕشەکانی کوردستان و لە گشت پارچەکانی کوردستان بۆ سەرخستنیان بەسەر دوژمناندا، بەڵام جێگای داخە کە شۆڕش و بزاڤە کوردییەکان هەمیشە لەبەر ناکۆکیی ناوخۆ بێت یان خیانەت و یەکگرتنی دوژمنانمان، نەیانتوانیوە بگەن بە ئامانج و تارادەیەکیش مافی گەلی کورد بەدەست بێنن، بەڵام شۆڕشەکانی بارزان هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی تاکو ئێستاش، هەمیشە لەبەرچاوی دوژمنان بە شۆڕشی پۆڵایین و خاوەن سەرکردایەتیی بەهێز و سیاسەتێکی حەکیمانە خراوەتە بەرچاو، بۆیە هەمیشە دوژمنانی گەلی کورد و شۆڕشەکانی بارزان، لەم خاڵەدا یەکگرتوو و دەستلەناودەست بوونە بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی بارزان و کوژاندنەوەی ئاگری سەرکەوتن و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، بەڵام ئەم رێبازە پیرۆزە بەگیانفیدایی هەزاران دڵسۆزی خاوەن عەقیدەی بارزانی و ماندووبوون و شەونخوونی و ئاوارەیی و زیندانی و گیانفیداکردنی سەرکردە و شێخەکانی بارزان تروسک و مەشخەڵی ئازادی و سەرکەوتنی شۆڕشەکانی بارزان گەیشتە ئازادی و سەربەخۆیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان. ئەمە بە کورتی لەبارەی لایەنی شۆڕشگێڕی بارزانەوە، بەڵام جگە لەوەی کە بارزان مەڵبەندی شۆڕش و کوردایەتی بووە، هەروەها بارزانی هەمیشە گرنگترین مەڵبەندی دارشتن و پێڕەوکردنی یاساکانی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزیش بووە.

لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەمە سەر دوو یاسا و رێسای گرنگ بۆ مانەوە و پێشخستنی ژیانی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزی کە لەسەردەستی خودانێ بارزان شێخ ئەحمەد بارزانی کران بە یاسایەکی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیانی مرۆڤ و بونیان بە دۆستی ژینگە و ژینگەپارێزی لە دەڤەری بارزان کە تاکو ئێستاش ئەم یاسایانە لەلایەن دانیشتووانی ئەم دەڤەرەوە بە دڵسۆزی و عەقیدەیەکی تۆکمە نەوە لە دوای نەوە دەپارێزن و پەیڕەوی دەکەن.

یەکەم: باس لە و یاسا گرنگەی ژیان دەکەم کە بە دەیان ساڵە لە بارزانەوە بووەتە پەیامێک بۆ گشت کوردستان و بگرە وڵاتانی دەوروبەر و جیهانیش، ئەویش ئازادیی هاوسەرگیریی و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانە لەم دەڤەردا، ئەم یاسایە ئازادی تەواوی داوەتە لاوان بۆ بڕیاردان لەسەر گرنگترین و گەورەترین بڕیاری ژیانیان، ئەویش بڕیاردانی خودی کچ و کوڕی ئەم دەڤەرەوە بە بەشێوەی ئازادانە و خۆشەویستییەکی دوولایەنەی پاک بۆ دەستنیشانکردنی هاوسەری ژیان، کە بێگومان ئەم ئازادییە وایکردووە بە دەیان ساڵ کێشەی خێزانی و لێکجیابوونەوە و کێشەی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو خێزان و بگرە نێوان هاوسەرانیشەوە و چەندان کێشەی تر کە رۆژانە لە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان بەرگوێ و چاوان دەکەون، ئەو جۆرەکێشانە لەم دەڤەرەدا بەدی نەکرێن. ئەویش لەبەر ئەوەیە لەم دەڤەردا ژن بە ژن و گەورە بە بچووک یان شیربایی و چەندان مامەڵەی تر کە بە ئافرەتاتەوە دەکرێن، ئەم ڕەفتارانە بە هیچ شێوەیەک لە بارزان نەکراون و ناشکرێن، چونکە ئافرەت لە کولتووری بارزاندا هەمیشە بە یەکسانی و شانبەشانی پیاوان تێڕوانینی بۆ کراوە و ڕێزی گیراوە، ئەوانیش بە هەمان شێوە پاڵپشت و شانبەشانی پیاوانیان دڕێغییان نەکردووە لە پاراستن و ڕێزگرتنی کۆمەڵگا و بەشداریکردنی پیاوان لە سەرخستنی شۆڕشەکانی بارزان.


بۆیە نەبوونی ئەمجۆرە مامەڵەکردنە بە ئافرەتان لەم دەڤەرە و ئازادیی ڕادەربڕینی لاوان لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان بێدوودڵی و داواکارییەکی قورس لەسەر لایەنی یەکەم و هەبوونی متمانە و دڵنیایی لەسەر دواڕۆژی کچانیان کە بەپێی یاساکانی مرۆڤایەتی و دابونەریتی بارزان مامەڵە و ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش وایکردووە هەمیشە لاوانی ئەم دەڤەرە خاوەن خێزانێکی بەختەوەر بن.

دووەم: یاسای پاراستنی ژینگە و بەرچاو وەرگرتنی مافی تەواوی ئاژەڵان و دار و درەخت لەم دەڤەرەدا کە ئەویش لە کۆن و ئێستاشەوە نەوە لە دوای نەوەی ئەم دەڤەرە بە بەرز و پیرۆزی ڕاگیراوە و پەیڕەوی دەکەن. پاراستنی مافی گیانداران و دانانی چەندین ڕێسا و یاسای تایبەت بۆ گیاندارانی ئاوی و وشکانی لەم دەڤەرە وایکردووە زۆربەی گیانداران کێوبیەکان تێکەڵ بە دانیشتووانی گوندنشینەکانی ئەم دەڤەرە بن و هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە مرۆڤەکان دوژمنیانن و ئەوان خۆراکی مرۆڤەکانن، چونکە لەم دەڤەردا کوشتنی هەرگیاندارێکی کێوی، بگرە لە بچووکترینیان تا دڕندەکانیشیان بە تاوانی ژینگەیی و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی لەلایەن دانیشتووانی ئەم دەڤەرەوە هەژمار دەکرێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر، بڕینی دار و درەخت، ئەویش یەکێکە لە تاوانکارییەکان بەرانبەر بە ژینگە لە کولتووری بارزان، چونکە ناکرێت و ناشبێت هیچ کەسێک پەنا بباتە بەر بڕینی دار و درەختی زیندوو واتە داری (تەڕ) بە تایبەتی دارە خۆڕسکە بەردارەکان، وەکو داری (گوێشک، مازی، بەڕوو، قەزوان...) و چەندان جۆری تری داری بەردار خۆرسک، چونکە بڕینی ئەمجۆرە دارانە دەبێتە تێکدانی بناغەی ئابووریی خۆڕسکی وڵات، بۆیە هەمیشە دەڤەری بارزان بە بوونی ئەم یاسا ژینگە پارێزییەی بووتە مەڵبەندێک بۆ کاسبکاران و هەژاران، هەر لە وەرزی بەهارەوە تاکو پاییز بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی خۆڕسکی چیایی کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ڕووی تێدەکەن، ئەمەش تاڕادەیەک دەبێتە هاوکاری بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری وڵات و داهاتی هاووڵاتیان، هەر ئەم ژینگەپارێزییەیە وایکردووە دەڤەری بارزان ببێتە خاوەن سروشتێکی جوان و دڵڕفێن و سەوز و سەرنجڕاکێش بۆ گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی، بۆیە دەڵێم پێویستە لەسەرمان ڕۆژی 11ی کانووی دووەم کە سالڕۆژی کۆچی دوای خودانێ بارزان شێخ ئەحمەد بارزانییە بکرێت بە ڕۆژی بنیاتنانی یاساکانی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزی لە کوردستان، چونکە لەسەر دەستی ئەم زاتە پیرۆزە جگە لە دەڤەری بارزان، ئەمڕۆ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ورده ورده ئەم یاسایانە پەیڕەو دەکەن بەتایبەتی لە بواری ژینگەپارێزیدا، بەو هیوایەی تەواوی لاوانمان ئازاد بن لە پاراستنی ژینگەی جوانیی کوردستان.



حەشدی شەعبی لە خانەقین و دەوروبەری دەکشێنەوە

دوای هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی ئامادەکاریی کشانەوە دەکەن و چەکە قورسەکانیان دەگوازنەوە. ئەکبر حەیدەر، جێگری لێپرسراوی لقی 15ی خانەقینی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حەشدی شەعبی لە خانەقین و دەوروبەری نەماون، بەڵام هەواڵی ئەوەش بڵاوبووەتەوە، کە فەرمانی کشانەوەیان لە سەرووی خۆیانەوە بۆ هاتووە.



حەیدەر گوتیشی: لە هەنگاوی یەکەمیاندا هێزەکانی حەشدی شەعبی تەواوی ئەو چەکە قورسانەی کە لە شەڕدا زیانیان بەرکەوتووە، چەند ڕۆژێکە دەستیان کردووە بە گواستنەوەیان بۆ بارەگا سەرەکییەکانیان. لەبارەی کردەوە تیرۆرستییەکانی پاشماوەی داعشەوە، ناوبراو گوتیشی: دوای هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر پاشماوەکانی تیرۆریستانی داعش لە دەوروبەری خانەقین و کوشتنی چەندین چەکداری تیرۆریست، ماوەی دوو هەفتەیە جوواڵەی چەکداریی داعش نەماوە و لە ترسی بۆردوومانی هێزی هاوپەیمانان خۆیان حەشار داوە.

سوپای پاسداران بەرپرسیاریەتی خۆی لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە ڕاگەیاند

ئۆکراینا: دەبێت ئێران ئەنجامدەرانی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەمان سزا بدات

سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند کە ئەو بەرپرسە لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو. لەم بارەیەوە دوێنێ شەممە فەرماندەی هێزی ئاسمانی سەربە سوپای پاسداران، ئەمیرعەلی حاجی زادە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: ئێمە بەرپرسین لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە بە هەڵە ڕوویداوە.

ئەمیرعەلی حاجی زادە ڕوونکردنەوەی زیاتری لەوبارەوە دا و گوتی: سیستەمی بەرگریی ئاسمانیمان بەهەڵە فڕۆکە ئۆکراینییەکەی وەک مووشەکێکی جۆری کروز دەستنیشان کردبوو بۆیە خستییەخوارەوە. گوتیشی: ئێمە ئامادەین بۆ هەر سزا و بڕیارێک کە لەوبارەوە لە لایەن بەرپرسانەوە بدرێت. پێشتر سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێران ڕایگەیاندبوو، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی وڵاتەکەی بە هەڵە فڕۆکە ئۆکراینییەکەی لە کاتی تێپەڕبوونی بە ئاسمانی ناوچەیەکی سەربازیی، خستووەتە خوارەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی ئۆکراینا، ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی ڕایگەیاند، ئەوە لە ئێران چاوەڕان دەکەین کە ئەو کەسانەی بەرپرسن لە خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان سزا بدات و کەسوکاری قوربانییەکانیش قەرەبوو بکاتەوە. زێلێنسکی ڕاشیگەیاندووە: ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرا بوو، چونکە بەرلەوەی لێژنە نێودەوڵەتییەکە کارەکانی تەواو بکات، ئێران دانی بەوەدا نا کە خۆی فڕۆکەکەمانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو خستووەتە خوارەوە. ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی گوتیشی: ئومێد دەکەین لێکۆڵینەوەکان بەبێ هیچ ئاستەنگێک لەسەر ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان درێژەیان هەبێت، چونکە هێشتا لەوبارەوە پێویستیان بە زانیاری زیاتر هەیە.

هەر دوێنێش ئێران ڕایگەیاند کە سندوقە ڕەشەکەی نێو فڕۆکە ئۆکراینییەکە بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی فەڕەنسا دەکات. لەوبارەوە بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕووداوە ئاسمانییەکان سەربە فڕۆکەوانی مەدەنی ئێران، حەسەن ڕەزایی فەر لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی (ئیرنا) گوتوویەتی: سندوقە ڕەشەکەی نێو فڕۆکە ئۆکراینییەکە بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی فەڕەنسا دەکرێت. حەسەن ڕەزایی فەر هۆکاری ئەوەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە لە ئێران ئەو توانا نییە کە داتا و زانیاریەکانی ناو سندوقە ڕەشەکەی نێو فڕۆکە ئۆکراینییەکە دەربهێندرێت و گوتی:بۆ چەند جارێک داوامان لە ژمارەیەک وڵاتی وەک کەنەدا، فەڕەنسا و ئەمەریکا کردبوو کە ئامێری پێشکەتوومان بۆ بنێرن تا داتا و زانیارییەکانی ناو سندوقە ڕەشەکە، بەڵام بە داخەوە ئەو وڵاتانە داواکەمانیان ڕەت کردەوە.

کۆمپانیای فڕۆکەوانی لۆفتانزای ئەڵمانی گەشتەکانی بۆ تاران هەڵپەسارد

کۆمپانی فڕۆکەوانی لۆفتانزای ئەڵمانی ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە بەهۆی نەبوونی ئاسایشی کایەی ئاسمانییەوە تەواوی گەشتەکانی هاتن و ڕۆشتن بۆ تاران تا 20ی ئەم مانگە هەڵدەپەسێرن. ئەوەش ئاشکراکراوە کە فڕۆکەیەکی کۆمپانیاکە لەکاتێکدا بەڕەو تاران بەڕێکەوتووە داوای لێکراوە بگەڕێتەوە فرانکفۆرت و ئەو گەشتانەشی بڕیاربوو ئەمڕۆ بۆ تاران ئەنجامبدرێن هەڵوەشێندراونەتەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە کۆمپانیاکە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارادا بەردەوامە لە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، کاتێک زانیاری وردیان دەستکەوت لەبارەی گەشتەکانی ڕۆژانی داهاتووەوە بڕیاردەدەن.

ئەم بڕیارەی کۆمپانیای لۆفتانزا دوای ئەوە دێت کە 8ی ئەم مانگە فڕۆکەیەکی ئۆکراینی ماوەیەکی کەم دوای دەستپێکی گەشتەکەی لە تاران کەوتە خوارەوە و 176 کەس تیایدا گیانیان لەدەستدا و سوپای پاسدارانیش بە فەرمی بەرپرسیاریەتی خستنە خوارەوەی فڕۆکەکەی بەهەڵە ڕاگەیاند.

سوید کایەی ئاسمانیی وڵاتەکەی بەڕووی فڕۆکەی ئێرانیدا داخست

سوید بە شێوەیەکی کاتیی کایەی ئاسمانیی وڵاتەکەی بەڕووی فڕۆکەکانی سەر بە کۆمپانیای Iran Airی ئێرانیدا داخست. ئاژانسی گواستنەوەی سوید کە ئاژانسێکی سەر بە حکوومەتی سوێدە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، بەشێوەیەکی کاتیی ئەو مۆڵەتەیان ڕاگرتووە کە ڕێگە بە فڕۆکەکانی سەر بە کۆمپانیای Iran Airی ئێرانی دەدات بە کایەتی ئاسمانیی سویددا بفڕن. ئاژانسەکە هۆکاری ئەو بڕیارەی گەڕاندووەتەوە بۆ ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە لەم هەفتەیەدا لە ئێران کەوتەخوارەوە، و لەپێناو سەلامەتی کەرتی فڕۆکەوانی مەدەنی ئێران. ئاژانسەکە هیچ وردەکارییەکی دیکەی لەبارەی بڕیارەکەیەوە بڵاونەکردووەتەوە.

لای خۆیەوە سەرۆکی ئاژانسی گواستنەوەی سوید، جۆنا لونگبێرگ ئاشکرایکرد لەوە تێدەگەین کە ئەم بڕیارە چەند کێشەیەک بۆ گەشتیاران دروستدەکات، بەڵام سەلامەتیی گیانیان زۆر گرنگە، بۆیە بەشێوەیەکی کاتیی بڕیاری وەستاندنی گەشتەکانمان داوە. جێی باسە لە نێو ئەو 176 سەرنشینەی بەهۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە ئێران گیانیان لەدەستدا، 17یان سویدی بوون.

وەزارەتی شارەوانی: لە وەرزی زستانیشدا کارکردن لە شەقامی 150 مەتریی هەولێر بەردەوامە



خەبات- سەید فاتیح

پەرزێجی: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: لە وەرزی زستانیشدا کارکردن بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی شەقامی 150مەتریی هەولێر بەردەوامە. راشیدەگەیەنێت: لەئێستادا کارکردن لە شەقامی 150مەتریی هەولێر بەردەوامە. پڕۆژەی شەقامی 150مەتری لە هەولێر، یەکێکە لە ستراتیژیترین پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، درێژی شەقامەکە 70 کیلۆمەترە و هەر ئاراستەیەکی نزیکەی 20مەتر پانە و پێنج ئۆتۆمبێل دەتوانن بەتەنیشت یەکەوە لەسەری ڕێبکەن، بۆ هەر سایدێکیش شارێیەکی خزمەتگوزاری لە تەنیشتیدا دروست دەکرێت. پڕۆژەکە بە پێنج قۆناخ جێبەجێ دەکرێت، لە قۆناغی یەکەمیدا 14 کیلۆمەتری تەواو دەکرێت، کە بەحرکە بە ڕێگای کۆیە دەگەیەنێت. شەقامی 150 مەتری دەبێتە شەشمین و دواهەمین شارێی بازنەیی بەدەوری هەولێر، شەقامێکی خێرایە و ناحیەکانی بنەسلاوە، کەسنەزان، دارەتوو، بەحرکە، مەلاهۆمەر و ڕێگای گوێر و قۆریتان و سەرکاریز بەیەکەوە دەبەستێتەوە و، بەپێی خێرایی شەقامەکەش دووری ئەمسەر بۆ ئەوسەری شار تەنها چەند خولەکێکی کەمی پێدەچێت.

مەحما خەلیل: شنگال بوویە دەرگەهەک بۆ زۆرینا خێزانێن داعش ژ سوریا



قایمقامێ قەزا شنگال دیار کر کو بەردەوام و گەلەک جاران ب ڕۆژ ژی خێزانێن داعش ژ سوریا و ب تایبەتی ژی ژ کەمپا هۆلێ یێ بەرەف شنگال دهێن. مەحما خەلیل، قایمقامێ قەزا شنگال بۆ (باسنیوز) دیار کر کو: ژبەر زۆرینا خێزانێن داعش و نە بجهئینانا حوکمێ سێدارادانێ بۆ تیرۆرستێن داعش خەلکێ شنگال نەوێرن بچنە شنگال و گەلەک جاران مە داخاز کریە ڕێگری ل زۆرینا داعش و خێزانێن داعش بهێتە کرن و سنۆرێ ناڤبەرا شنگال و ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ب باشی بهێتە کۆنترۆل کرن چونکو کەمپا هۆلێ یا نیزیکێ ناحیا سنوونێ یە ل ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ و خێزانێن داعش ژ وێ کەمپێ ب ڕێن قاچاخ بەرەف شنگال یێ دهێن وگەلەک جاران ب ڕۆژ ژی دهێن.هێشتا چوو پێنگاڤێن باش بۆ دابینکرنا تەناهیێ ل شنگال نەهاتینە هاڤیتن. هەتا سنۆر ب باشی نەهێتە کۆنترۆل کرن دێ بەردەوام خێزانێن داعش ب ڕێن قاچاخ هێنە دەڤەرێ. خۆیا ژی کرکو نۆکە شنگال بوویە دەرگەهەک بۆ زۆرینا خێزانێن داعش ژ سوریا وخەلکێ شنگال دخازن حکمێ سێدارادانێ بهێتە بجهئینان لسەر تیرۆرستێن داعش چونکو هەتا تیرۆرستێن داعش هەبن و خێزانێن وان ڤەگەرن خەلکێ مە نەشێت بزۆنە شنگال.

پارێزگەرێ دهوکێ تەکەزیێ ل ریکخستنا پروژێن خزمەتکاری و بەرهەمئینانێ دکەت

لروژا 1/2020 / 9 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ کومبونەک دگەل چەند فەرمانگەهێن خزمتکاری و بەرهەمئینانێ سازکر.

د کومبونێدا ب ئاماژەبونا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ بەحسێ ڕەوشا دام و دەزگەهێن خزمەتکاری و پروژێن بیناسازی وبەرهەمئینانێ ئەوێن ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ دهێنە بجهئینان ب تایبەتی پروژە وئاڤاهی وتەلارێن بلند یێن ل سەنتەرێ باژێرێ دهوکێ دهێنە بجهئینان وچاوانیا ئاڤاکرنا وان تەلار وئاڤاهیا کو بگونجن ل دوڤ ڕێنماییێن سەروکاتییێن باژێرڤانیان وفەرمانگەها بەرهەمئینانێ هاتە کرن. پارێزگەرێ دهوکێ تەکەز کر کو دڤێت هەموو پروژێن خزمەتکاری وێن بەرهەمئینانێ ل هەر دەڤەرەکێ ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ نەخاسمە ئاڤی وتەلارێن بلند ل دوڤ سالوخەت ورێنماییێن باژێرڤانیا وفەرمانگەها بەرهەمئینانێ بهێنە ڕێکخستن وئاڤاکرن وڕێک ل هەموو زێدەگاڤیا بهێتە گرتن بو وێ یەکێ سیمایێن باژێرا نەهێنە تێکدان وهەموو ئاڤاهی ب تەرزەکێ شارستانی بهێنە ئاڤاکرن. پاش دان وساندنێن تیرو تەسەل ل سەر هەموو بابەتێن کومبونێ هاتنەکرن.

کۆیە.. بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ دوو کەس گیانیان لە دەست دا



دوێنێ شەمە لەسەر ڕێگای کۆیە بۆ هەولێر بەهۆی وەرگەڕان و گرگرتنی تانکەرێکی نەوت، دوو کەس گیان لەدەست داوە و تا ئێستا ناسنامەکانیان دیار نییە. لەمبارەوە زاهیر محەمەد، بەڕێوەبەری هاتوچۆی قەزای کۆیە بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: لە ڕێگای سەرەکیی نێوان کۆیە بۆ هەولێر و لە نزیک بازگەی تۆپزاوای کۆیە، تانکەرێک کە نەوتی ڕەشی بار کردبوو، کۆنترۆڵ لە دەست دەدا وەرگەڕاوە و گڕی گرتووە و ئومبێلێکی جۆری کیا سبۆرتاج بەرەو ڕوی دێت ئەویش گڕ دەگرێت لە ئەنجامدا هەردوو شۆفێرەکە گیانیان لەدەست داوە.

زاهیر محەمەد گوتیشی: بەهۆی سووتانی شۆفێرەکان تا ئێستا کەسەکان نەناسراون، بەڵام پێدەچێت تەنکەرەکە لە کەلارەوە هاتبێت و ویستوبەتی بچێت بۆ هەولێر و کیا سپۆرتاجەکە ژمارەی هەولێرە. لە سەرەتای ساڵی 2020لە سنووری قەزای کۆیە سێ کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەست داوە.

تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەرەکانی زمان ئەنجام دەدرێت

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خوازیارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و نازناوی زانستی ئاگادار دەکات، ڕێکەوتی 18/1/2020 تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی و دهۆک ئەنجامدەدرێت.

لەو بارەیەوە د. محەمەد حوسێن سەرۆکی لێژنەی پێداچوونەوە بە مەرج و ڕێنماییەکانی سەنتەری زمانی ئینگلیزی لە زانکۆکانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بە سایتی (www.mhe-krg.org) ڕاگەیاند: بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی ئاست بۆ بەشداربووان لە خولەکانی فێرکاری زمانی ئینگلیزی، لێژنەی پێداچوونەوە بە مەرج و ڕێنماییەکانی سەنتەرەی زمان لە زانکۆکان کۆبۆوە. لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبونەوەکە د. محەمەد حوسێن وتی: لە کۆبونەوەکەدا بڕیاردرا ڕێکەوتی 18/1/2020 لە سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی (سەلاحەدین، هەولێر، دهۆک، سلێمانی و گەرمیان) دەست بە وەرگرتنی داواکاری تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجامبدرێت.

بۆ ئەم مەبەستە ئەوانەی ناویان تۆمارکردووە دەتوانن لە ڕۆژی یەکشەمە (ئەمڕۆ) کە دەکاتە ڕێکەوتی 12/1/ 2020 سەردانی سەنتەرەکانی زمان بکەن کە ناویان لێ تۆمار کردووە بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بنکەی ڕاوێژکاریی ڕاژان بەسەردەکاتەوە



خەبات- سەید فاتیح

پەرزێجی: بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی بنکەی ڕاوێژکاری پۆلیکلینیکی ڕاژانی سەر بە تەندروستی دەشتی هەولێر، دوێنێ دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر بە یاوەری دکتۆر چەتۆ محەمەد ئەمین یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو دکتۆر ئەحمەد قادر پاڵانی بەڕێوەبەری تەندروستیی دەشتی هەولێرو بەڕێوەبەری کارگێڕی تەندروستی هەولێرو بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاری و بەشی ئەندازەی تەندروستی هەولێرو ژمارەیەک لە بەرپرسی بەشەکان بنکەی ڕاوێژکاری ڕاژانی بەسەرکردەوە و چەندین ڕێنمایی گرنگی پێدان، دواترجەختی لە دەوامی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی کردەوە دواتر سەردانی هۆڵی لەدایکبوونی سەربە بنکەی ڕاژان کرد کە لە چەندین بەشی وەکو هۆڵی لەدایکبوون و بەشی تاقیگەو تیشک و سۆنارو دەرمانخانەو ژووری دوای لەدایکبوون پێک دێت و ژمارەیەک پزیشکی پسپۆڕی ئافرەتانی بۆ دابین کراوە. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەڵێنی چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکانی پێدان لە ڕووی دابینکردنی ئامێری زیاترو پزیشکی دیکە و لەنزیکەوە گوێی لە داواکاریەکانی ئەوان گرت و چاوی کەوت بە ژمارەیەک نەخۆش بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشانی ئاگادار بێت.

هاوسەری هەڤاڵێگی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران کۆچی دوایی کرد



خەبات- سەفەر ژاژۆکی:

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی ئافرەتی ڕوسی دایکە (فەهیما ئیوان وەیسی) لە نەخۆشخانەی بلێ کۆچی دوایی کرد و دواتر بە ئاماژەبوونی کەسوکاری لە گۆڕستانی کانیەلینج سەربە دەڤەری بارزان بەخاک سپێردرا. خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1940 لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە دایکبووە، لە تەمەنی منداڵی دا بووە لەکاتی شەڕی جیهانی نیوان ئەڵمانیا و ڕووسیا کە دایک و باوکی لە دەستدان و حکومەتی ڕوسیا بە خێوکردنی ئەوەی لە ئەستۆ گرت تاکو لە زانکۆش حکومەتی یارمەتی ئەوی داوە. لە ساڵی 1956لە تاشکەند دەبێتە هاوسەری (حوسێن مەلکۆ کانیەلینجی) یەکێک لە هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر کە بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری کۆماری کوردستان لە مەهاباد و چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ساڵی 1959لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانیی نەمر وهاوسەری و منداڵی بە کوردستان شاد دەبن، لە بارزان ژیان دەبەنەسەر، دوای هاتنەوەیان بۆ کوردستان هاوسەری وەکو پێشمەرگەی قارەمان بەشداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کرد. کۆچکردوو، هاوسەری (حوسێن مەلکۆ کانیەلینجی) و دوو کوڕی بە ناوەکانی(میرزا و باجۆ) لە ساڵی 1983لەگەڵ بارزانییەکان ئەنفالکران. دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی 80 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

پرسەکە: لە گوندی کانیەلینجی سەر بە دەڤەری بارزان-ە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز سەربەست بامەرنی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان، خاتوو (لەیلا سلێمان بامەرنی)مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

مالّی ئارام.. مالّێک بۆ خاوەن پێداویستە تایبەتەکان

نەرمین شەعبان: سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بەپێدانی پارچە زەویەک بۆ دروستکردنی بالّەخانەیەکی مۆدێرن و شایستە

ڕاپۆرت: مەحمود شێرزاد

تا ئەو سەردەمە لەنێو کۆمەڵگای کوردە نەبووە بەکلتور خەڵکی سەرمایەدارو دەوڵەمەند، دەستپێشخەری بکەن لەئەنجامدانی پرۆژەی مرۆڤدۆستانە و کاری خێرخوازی دا، ئەگەرچی لێرەو لەوێ کارو چالاکی چەند پرۆژەیەکی خێرخوازی هەن، بەڵام هێشتا لەئاستی پێویستدا نین.

مالّی ئارام لەشاری هەولێر یەکێکە لەو پرۆژەو کارە مرۆییە دەگمەنانەی کە لەلایەن ئافرەتێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت لەپێناو بەخشینی ئارامی بەو خاوەن پێداویستە تایبەتانەی کە لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکان ژیان بەسەر دەبەن.

نەرمین شەعبان ڕەزا (ش.م) دەرچووی بەشی پەرستیاریە یەکێکە لەو کچە خۆبەخشانەی کە لەمالّی ئارام ماوەی چوار ساڵە کاردەکات سەبارەت بەخزمەتکردن و هاوکاریکردنی ئەو خاوەن پێداویستە تایبەتانەی لەو مالّەدا دەژین گووتی: بەرلەوەی بێم بۆ مالّی ئارام لەشوێنی تر کارم کردوە بەلاّم لەهیچ شوێنێک بەقەد ئەوەی وەک خۆبەخش لەم مالّەدا ئەو ماوەیە کاردەکەم ئاسوودەنیم، لێرە هەست بەخۆشی و ئارامی دەروونی دەکەم و زۆربەی کاتەکانم بۆ خزمەتکردن و یارمەتی ئەو خاوەن پێداویستە تایبەتانە تەرخان کردووە سەرڕای ئەستەمی و ئەو ئەرکە قورسەی سەرشانم لەگەڵیان دا، ئەوان وەکو کەس و کاری خۆم مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم و لێرە هەست بەمرۆڤ بوونی خۆم دەکەم و مانای ژیانم بۆ دەرکەوتووە.

(شکور کەریم)ی تەمەن چل و یەک ساڵ خاوەن پێداویستی تایبەتە، ماوەی سێ ساڵە لەمالّی ئارام ژیان گوزەر دەکات گوتی: من لەو مالّەدا هەست بە خۆشی دەکەم و تا بڵێی بەختەوەرم لەگەڵ نەرمین خان و ئەو ستافەی لێرە کاردەکەن و مامەڵەیان وەکو دایک و باوک وایە بۆ ئێمە، ڕۆژانە سێ ژەم خواردن و پێداویستی ترمان بۆ دابین دەکرێت و تاکە کێشەش کە هەمان بێت ئەوەیە ئەو خانووە بچووکە و پێویستمان بەشوێنێکی فراوان و پارکی بچووک هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی نەرمین خان دەکەم کە منی لەباوەش گرت و لەمالّی ئارام جێگەیەکی بۆ کردمەوە، چونکە من لەسەر شەقام و شۆستەکان دەژیام و سوالّم دەکرد.

مالّی ئارام لەساڵی 2014 دامەزراوە حەوت کارمەند تیایدا خزمەت پێشکەش دەکەن و ژمارەی ئەو خاوەن پێداویستە تایبەتانەی تیایدا دەژین لە 32کەس پێک دێت، ئەگەر لە داهاتوودا شوێنێکی فراوانیان بۆ فەراهەم بکرێت ئەوا لەو ژمارەیەی ئێستادا خاوەن پێداویستی زیاتر لەخۆ دەگرێت.

هاوکاری پێشکەش بە مالّی ئارام دەکەن و بەشێک لەداهاتی خۆم تەرخان کردووە بۆ ئەم پرۆژەیە، دەمەوێت سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم بەپێدانی پارچە زەویەک بۆ دروستکردنی بالّەخانەیەکی مۆدێرن و شایستە بۆ ئەو خاوەن پێداویستە تایبەتانەی مالّی ئارام، چونکە شوێنی ئێستایان بچووکە و پێویستی بە فراوانکردن هەیە تاوەکو ژمارەی زیاتر لەخاوەن پێداویستە تایبەتە بێ سەرپەرشتیکاران وەربگرین، داواکارم لە حکومەت و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هاوکاری و پشتگیریم بکەن و بێنە سەرخەت بۆ سەرخستنی پرۆژەکەم.

قازانج نەویست.

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد لەمالّی ئارام دا بێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین بەچاوێکی مرۆڤانە سەیری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت و بارودۆخیان لەبەرچاو دەگیرێت و ڕۆژانە ژەمەکانی خواردنیان بۆ دابین دەکرێت و لەگەڵ ئەوانەش پزیشکی پسپۆری خۆبەخش دێن سەردانیان دەکەن و لەباری تەندروستی و دەرونیان دەپشکنن.

سەبارەت بە یارمەتی و هاوکاریکردنی مالّی ئارام لەلایەن حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە نەرمین شەعبان دەڵێت: تا ئێستا هیچ لایەنێک هاوکاری نەکردوم تەنها خەڵکی خێرخواز نەبێت بەردەوام



نەرمین شەعبان لەگەڵ یەکێک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

فۆکسیان خستۆتە سەر کۆمپانیاکان ئینجا سوپەرمارکێت و دوکانداران

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر: ناچینە ژێرباری هیچ بازرگانێک و کاری خۆمان بە پێی یاساو ڕێنماییەکان ئەنجام دەدەین



خەبات: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر ئەو خۆراکە ماوەبەسەرچوانەی کە بوونی هەیە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێ بازرگان کالای ماوە بەسەرچوو دەهێنن و دەستکاری ماوەی دروستکردن و ماوەی بەسەرچوونی دەکەن و گوێ بە ڕێنماییەکان نادەن، لەزگەیەکی ساختە لەکالاکان دەدەن ئەگەرچی میژووی ماوەبەسەرچوونی خۆراک پێویستە لێزەری بێت تا نەتوانرێ دەستکاری بکرێت.



هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر دەڵێت: باوەڕناکەم ئەو خۆراکانەی کە لە دەروازەکانی سەرسنوور دێنە کوردستان کالای ماوەبەسەرچوو بن، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی قاچاغ و بەشێوەی نایاسایی بگەنە بازاڕو لەبازاڕیش ڕێگە بەهیچ بازرگانێک و دوکاندارو کاسبکارێک نادرێت کە خۆراکی ماوەبەسەرچوو لەبازاڕدا ساغ بکاتەوە، لەبەرئەوەی ڕادەی هوشیاری هاوڵاتیان بەرزەو هەموو تاکێکی کۆمەڵ بەرلەوەی خۆراک بکڕن سەیری میژووی ماوەبەسەرچوونەکەی دەکەن، ئینجا دەیکڕن، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێمە وەکو چاودێری بازرگانی هەولێر نزیکەی حەوت تیممان هەیەو ڕۆژانە ئەو تیمانە بەدواداچوون و پشکنین دەکەن و سەردانی هەموو شوێنە گشتییەکان و سوپەرمارکێت و مۆڵەکان دەکەن و لەکاتی بینینی هەر کالاو کەلوپەلێکی ماوە بەسەرچوودا لێپرسینەوە لەگەڵ کەسی سەرپێچکار دەکرێت، هەرکالایەک کە ماوەی بەسەرچوونەکەی تێپەڕ بووبێت ئەوا ئەو کالایە دەستی بەسەردا دەگیرێت و خاوەنەکەشی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و بەپارە سزا دەدرێت و سزاکانیش لە یەک ملیۆن دینار تاوەکو پێنج ملیۆن دیناره.

هێمن سەید مراد دەشڵێت: هەر کۆگایەک کالاو خۆراکی ماوەبەسەرچووی لێ بگیرێت جگەلە سزادانەکەی شوێنەکەش دادەخرێت و کالاکەش لەناوەبردرێت و نابێ چیتر ڕێگە بەو کەسانە بدرێت کە خۆراک و کالای ماوەبەسەرچوو لەبازاڕەکاندا ساغ دەکەنەوە، پێویستە چاوپۆشی لەو جۆرە کەسانە نەکرێت و لەکاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی پێویستە بدرێنە دادگاو بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئێمە ناچینە ژێرباری هیچ بازرگانێک و کاری خۆمان بە پێی یاساو ڕێنماییەکان ئەنجام دەدەین و داواکارین لەلایەنی پەیوەندیدار لە دەروازەکان هەرچەندەی سنوورەکان تووندتر بکەن هێشتا هەرکەمەو با هەموومان بەیەک دەست و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی کاربکەین و چیتر ڕێگە بە کەسانی نەفس نزم نەدەین خۆراکی ماوەبەسەرچوو بهێنێتە بازاڕەکان و ساغی بکەنەوە. سالاّنە لە هەولێر نزیکەی **500**تەن خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەردا دەگیرێت .

گوتیشی: بۆئەوەی ئەکتیڤانەتر کاربکەین فۆکسمان خستۆتە سەر کۆمپانیاکان ئینجا سوپەرمارکێت و دوکانداران و هەموو شوێنە دوورە دەستەکانیش بەسەر دەکەینەوەو گەڕەکە تازەکان و شارە تازەکانیش لەلایەن تیمەکانمانەوە بەسەر دەکرێنەوە و داواکارین لە حکوومەتی هەرێم کارمەندی زیاترمان بۆ دابین بکات، چونکە لە ئێستادا تەنیا **52**کارمەندمان هەیە.

دواتر هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر سەبارەت بە هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ دامودەزگاکان ڕوونیکردەوە: لەگەڵ پاریزگای هەولێرو قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێرو هۆبەی ئابووری ئاسایش و چاودێری تەندروستی شارەوانیەکان هاوکاری و هەمانگی تەواومان هەیە، بەتایبەتی قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر و چەندینجار بەهاوکاری ئەوان بەدواداچوون و پشکنینمان بۆ شوێنە گشتییەکان کردووە بۆ دەست بەسەرداگرتنی خۆراکی ماوەبەسەرچوو زۆر جاریش لەکاتی بەسەرکردنەوەی دوکان و سوپەرمارکێتەکان ڕێنمایی سوودبەخشمان بەوان داوە، بۆ ئایندەش هەوڵی ئەوە دەدەین کە هوشیاری و ڕێنمایی زیاتر بە بازرگانان بدەین و لەکاتی هەڵگرتنی خۆراک چەندین ڕێنمایی گرنگ بەوان دەدەین، کە چۆن خۆراک بەکۆگا بکەن.



www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/12 ژمارە (5908)
خەبات



دوای بەدواداچوونێکی لاپەڕەی پەروەردەی «ڕۆژنامەی خەبات»

وەزیری پەروەردە کێشەی وانەبێژانی باخچەکانی چارەسەرکرد

خەبات/ ڕۆشنا عەلی: دوای ئەوەی لە ژمارەی 5897 ی ڕۆژی 22/12/2020لاپەڕەی پەروەردە لەبەدواداچوونێکدا کێشەی وانە بێژانی باخچەکانی بڵاو کردەوە وەزیری پەروەردە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بەوەکرد کە کێشەکەیانی چارەسەرکردووە و ئەو وتی : نووسراومان کردووە بۆ وەزارەتی دارایی و خۆشم دوو جار سەردانم کردوون ، لە هامشی لەسەرنووسراوە کە ڕەزامەندن، ماوەتەوە ئەوەی کە نووسراوی پێدەربچوێنن.



بەکر کەریم حەسەن*

گرنگی ئەزمونەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن

فەیلەسوف و نووسەری ئینگلیزی فرانسیس بیکون دەڵێ: «تاقیکردنەوە باشترین سەلماندنە»

بێگومان لەو ڕۆژانە دا تاقیکردنەوەکانی وەرزی لە قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێن لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی، کە خۆی لە خۆیدا تاقیکردنەوەکان گرنگی و بایەخی گەورەی فێرکردنە، چونکە لە تاقیکردنەوەکان دەردەکەوێت قوتابییە خۆشەویستەکانمان چەند فێربوونە و چەند سوودیان بینیوە لە ڕۆژانەی خوێندن و ئەرک و قوتابخانەدا، کە تەنها چارەنووسی قوتابی ناگرێتەوە لە دەرچوون و دەرنەچوون، چونکە ئامانج و مەبەست لە تاقیکردنەوەکان هەر تەنها دەرچوون و دەرنەچوون نەبێت، بەڵکو زانینی ئاست و توانای قوتابی دەردەخات کە چەند فێربووە لە ڕۆژانەی قوتابخانە دا، لە هەمان کات دا تاقیکردنەوەکان دەبنە ئامراز و هۆکارێکی گرنگی فێرکردن.

هەر ئەوەش هەڵسەنگاندن بۆ قوتابی دەردەخات، چونکە تاقیکردنەوەکان دەرخەری توانای ڕاستەقینەی قوتابین، بۆیە من لەم ووتاردا نامەوێ باسی ئامادەکارییەکانی قوتابی بکەم یان ئامادەکارییەکانی خێزان لە تاقیکردنەوەکان، بەڵکو گرنگی تاقیکردنەوەکان و ڕۆڵی کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان باس دەکەم لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەکان، کەوا مامۆستایان ودەستەی کارگێڕی تاقیکردنەوەکان وا بناسێنن بۆ قوتابیان کەوا مقەستی پاشە ڕۆژ و چارەنووسی قوتابی نەبێت لە بەدەستهێنانی نمرەی زۆر یان کەم، بەڵکو تاقیکردنەوە قۆناغێکە بێت لە قۆناغەکانی ژیانی فێرکاری، قوتابی نابێ لێ بترسێ دوو دڵ و ڕاڕا بێت، بەڵکو مامۆستایان قوتابیان ڕابهێنن لە سەر ئەوەی تاقیکردنەوەکان بریتییە لە هەڵسەنگاندن وپێوانەکردنی توانای قوتابییەکانمان لەو بابەتە و وانانەی لە ڕۆژانی ڕابردوو خوێندوویانە، بزانن ئاست و توانایان چەندە و چەند قازانج و سوودیان بینیوە، بۆیە گرنگە کارگێڕی قوتابخانەکان و مامۆستایان ترس و دڵە ڕاوکێ قوتابیان لە تاقیکردنەوەکان بشکێنن و تاقیکردنەوەکان بەردەوام دێوە زەمەی بەردەم بیرکردنەوەی قوتابیان نەبن، کەواتە لێرەدا هەم دەکرێ مامۆستایانی بەڕێز بەدوای پرسیاری ئالۆز وقورس نەگەڕێن، هەمیش ڕۆڵی مامۆستایەتی پێشەنگ ببینن و مەبەست و ئامانج لە تاقیکردنەوەکان بۆ قوتابیان ڕوون بکەنەوە، کە تەنها هێنانی نمرەی بەرز نییە، بەڵکو دەرخەری ئاست و زیرەکی و توانا کاتنانە، لێرەدا قوتابیانیش هەم بیر لە گزی و هەوڵی نابەجێ ناکەنەوە بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، هەمیش لە ڕۆژانە زیاتر هەوڵ دەدەن ئەرکەکان ئامادە بکەن و تاقیکردنەوەکان نابنە مایەی ترس و نیگەرانی لای قوتابیان، بەڵکو بەئیرادە و متمانە بەخۆبوو خۆیان باشتر ئامادە دەکەن، چونکە تاقیکردنەوەکان دەبێتە دەرخەری ئاست و تواناکان، نەک هێنانی نمرەی بەرز .

*** بەڕێوبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر**

تێبینییان لەسەر مەرج و ڕێکارە زۆرەکانی هەیە

کورسییە تەرخانکراوەکانی ماستەرو دکتۆرا نیگەرانی لای خوازیاران دروستکردووە



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پڕۆسەی پێشەشکردنی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا ی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020) ڕاگەیاند، خوازیارانی ئەو خوێندنە گلەیی لە ڕێکارو ڕۆتینە زۆرەکانی دەکەن ، خوازیارێک ئاماژە بەوەدەدات کە کورسییەکان بە نادادپەروەری دابەشکراوەو پشکی گەورە بەر خودی وەزارەت کەوتووە.

نادادپەروەری لە دابەشکردن حیکمەت حەسیب قادر مامۆستای زمانی ئینگلیزی دەربارەی تێبینییەکانی بۆ خەبات دواو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەک فەرمانبەران گلەییان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە ئەو لەمبارەیەوە وتی : یەکێک لە تێبینییەکانم تایبەتە بە تەرخانکردنی کورسییەکان کە سێ جۆرە یەکەمییان بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی وفەرمانبەران وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەندێکی تر بۆ پاراڵێل کە کرێی خوێندن لە ئەستۆی خۆیانە ، ئێمە وەکو فەرمانبەران و مامۆستایان جگە لە فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو گلەییەمان هەیە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆمەڵێک کورسی بۆ موعید و فەرمانبەرانی خۆی تەرخانکردووە کە دەیانخەنە ناو ئەو کێبڕکێیەوە ، من وەک خۆم کە ماوەی یانزە ساڵە لەوەزارەتی پەروەردە مامۆستام و خزمەت ئەکەم پێم ڕاست نییە کە وەزارەت کورسی بۆ فەرمانبەری خۆی داناوە لەوە دەرنەچا بیخاتە کێبڕکێی کورسییەکانی فەرمانبەرانیش یان بچێتە ئەوەی پارالێلیش ، بۆیە بۆچوونم وایە کەمادام کورسییەکان جیاکراوەتەوە با خوێندن-نی باڵا کورسییەکانی خۆی ببا و کورسییە گشتییەکانی وەزارەتەکانی تریش لەسەر کورسی گشتی لەبەردەستە و تۆ 25 ساڵ کەواتە با مەرجی تەمەن هاوکار بێت ، تێبینییەکی تر ئەوەیە کە ژمارەی کورسییەکان زۆر کەمن بۆئەوەی ئینگلیزی لە زانکۆی صەلاحەدین سێ کورسییە کە کێبڕکێی لەسەرە ، لە ولاتانی دنیا ئاسانترین شت بەرزکردنەوەی بڕوانامەو ئاستی زانستی تاکە ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن زۆر هاوکارن و هاوکاری تاکەکانن بۆ ئەوەی پەرە بە بڕوانامەکانییان بدەن بۆئەوە ساڵانی ڕابردوو ئافرەتێک بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەتەمەنی 80 ساڵی بەدەستهێنا.

سوود مەند بوونی کۆمەڵێک

بارزان محەمەد دەربارەی ڕێکارەکانی کە تاچەند ئەم هەموو ڕێکارە پێویستن ئاماژە بەوە دەدات کە پێویست بەم هەموو ڕێکارە پێشوەختەیە ناکات ئەو وتی : نەخێر شتێکی زۆر زیادە، لەهیچ شوێنک و ولاتێک ئەم هەمووڕێنمایی و ئەومەرجەقورسانەنین، تەنهابریتین لە قورس کردنی ئەرکی سەرشانی قوتابیان، لەمەش داچەند کەسێکی دیار لێی سوود مەند دەبێت و زۆرینەش لێی بێ بەش دەبن و ساردبوونەوە لەخوێندن و دووبارە ئیتیمای نیشتیمانی و ئەو مەبدەئەی پێشتر هەی بووەبۆ ولات بەگشتی نامێنێت و کاری پێناکاتەوە.

ئاشکرایە وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆمەڵێک ڕێکاری داناوە بۆ پێشکەشکردن خوازیارانی ماستەرو دکتۆرا، بەڕای من هەموو ڕێکارێک پێویستە بگیرێتە بەر بەڵام بەشێوەیەک بێت لە بەرژەوەندی خوازیار بێت، بەڕاستی هەندێک ڕێکار دانراون کە بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات لە سەرەتای پێشکەش کردن، ئەرکی سەرشانی خوازیاری ئێکجار قورس کردوە ، خوازیار زۆر سارد ئەکاتەوە بەڕادەیەکی زۆر وا ئەکات بە ڕەشبینییەوە پاشەکشە بکات لەو خەونەی هەیەتی بە نموونە تەنها بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی کە خوازیار پێویستە بیکات پێش وەربگیرێت کە تاقیکردنەوەی توانستی زانستییە بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە خوازیار دەبێت بە چەندین مانگ خۆی ئامادەکردبێت لە کاتێک دا بابەتەکان زۆر درەنگ ڕاگەیەنران .

بارگرانیەکی تر ئەم کتێبانە لە بازاڕ بە نزیکەی ١٠٠ هەزار یا زیاتر دەستت دەکەوێ، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ لەکاتی فۆرمی پێشکەشکردن بۆ تاقیکردنەوەی توانستی ١٥٠ هەزار بدەی کە ئەمەش بەڕاستی بارگرانیەکی ئێکجار زۆر دەکەوێتە سەرشانی خوازیار ، دەکرا ئەمە بڕەکەی کەم بکرایەوەو باشتر وابوو لەو قوتابیانە وەربگیرێت کە لە تاقیکردنەوەکە دەردەچن یان ئەگەر هەموو ئەو داواکاریانەش نەبێ ، بەڵام دەکرا بەشێکی زۆری ئەم داواکاریانەی وەزارەت خستوبەتیە پێش خوازیار لەوکاتانە داواکرابا کە خوازیار وەرگیرابا ، بۆیە ئەمەش ئەرکی سەرشانی خوازیارانی قورستر کردوەو وە هیواو ئومێدی زۆریان نیە

تێبینییەکی تر ئەوەیە کە ڕێژەی کورسیەکان زۆر کەمە دەکرا کورسی زیاتریان تەرخان کردبا، وە بۆ ئەو فەرمانبەرانەشی کە دامەزراوو فەرمانبەری دەوڵەتن کار ئاسانی زیاتر کرابا ، چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە خزمەت دەکەن نەک چاوەڕێی دامەزراندن.

سەرەڕای هەموو ئەو تێچوونانە جێگای دەستخۆشیە کە وا لە خوازیار کراوە لەجیاتی داهات و سامانی ولات بابات بۆ دەرەوەو لە جیاتی ولاتێکی تر لەم ولاتەی خۆمان بخوێنێ و داهاتەکەی هەر لەناوخۆ خەرج بکات کە ئەمەش سوودی بۆ هەموو لایەک دەبێت، بەڵام بە باشی دەزانم بۆ سالانی ئایندە یان ئەگەرچی هێشتا کات ماوە وەزارەت هەندێ بڕیار دەربکات کە کاری خوازیاران ئاسانتر بکات.



عەلی ئەحمەد:

دەکرا وەرگرتنی 150 هەزارو هەندێک لە ڕێکارەکانی تر دوای وەرگرتن بوایە نەک پێش وەختە



بارزان محەمەد:

ئەم هەموو ڕێکارە قورسکردنی ئەرکی سەرشانی قوتابیە و تەنها چەند کەسێک لێی سوودمەند دەبێت



حیکمەت حەسیب:

دەبوو تەمەن بە خاڵ بۆ خوازیار هەژمار بکرایە و ژمارەی کورسییەکانیش زۆر کەمن

وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستانی ڕاگەیاند



خەبات/ ڕۆشنا

بەچاودێری و ئامادەبونی (د. ئارام محمد قادر) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، ژمارەیەک لە وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکار و سەرۆکی زانکۆ حکومی و تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و، یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆکان، بەدروشمی (ڕیزبەندی نیشتیمانی ... شارێی کرانەوە و متمانە و دڵنیایی) بۆ (جاری چوارەم) ڕێکەوتی (٩/١/٢٠٢٠) لە شاری هەولێر لە مەراسیمێکدا ئەنجامی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩) ڕاگەیەنرا.

مەراسیمەکە بەساتێک ڕێزگرتن بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستیپێکرد، پاشان د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وتارێکی پێشکەشکرد و ئەنجامی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستانی بۆ ساڵی ٢٠١٩ ئاشکرا کرد .

پێوەرەکانی ڕیزبەندی

لە سەرەتای وتارەکەیدا، د. ئارام محمد قادر دوای بەخێرهێنانی میوانان وتی: ڕیزبەندی نیشتیمانی بریتیە لە ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان زانکۆکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێوەری زانستی و ئەکادیمی، بە تایبەت ئەو پێوەر و مێتریکسە نێودەوڵەتیانەی کە کارایین لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی زانکۆکانمان دەبێت.

وتیشی: لە ئێستادا پێوەرەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی بریتین لە توێژینەوەی زانستی، ستافی ئەکادیمی، چالاکی نێودەوڵەتی، کوالیتی، ئاستی گەیشتن بە سەرچاوە زانستییەکان، چالاکی کەلتووری و پەیوەندی زانکۆکان لەگەڵ کۆمەڵگا، تێڕوانینی قوتابیان و خوێندکاران، بەدواداچوونی دەرچوان. لە نێو پێوەرەکاندا توێژینەوەی زانستی تا ئێستاش پشکی شێری هەبووە، بە تایبەت بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لەو گۆڤارە زانستیانەی کە لەلایەن (کلاریڤەیت ئەنەلەتیکس) ئیندێکس کراون، خۆتان دەزانن هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە بڵاوکردنەوە لەو گۆڤارانەی کە فاکتەری کاریگەریان هەیە ڕەنگدانەوەی ئاست و ستاندارد و کوالیتی توێژینەوەکانن.

کاریگەری ڕیزبەندییەکە

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وتیشی: دەتوانین بڵێین، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ڕیزبەندی نیشتیمانی توانی گۆڕانکاری بەرچاو لەگەڵ خۆی بهێنێت، کە دەمەوێت ئەمرۆ ئاماژە بە هەندێکیان بدەم، گرنگترینیان دۆکیومێنتکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و چالاکییە زانستییەکانی زانکۆکانە، هەموو زانکۆکان خۆیان داتاکانی پەیوەندیدار بە پێوەرەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی تۆمار دەکەن و دۆکیومێنتیان دەکەن ... ئەمەش بوەتە هۆی کە ئەوەی کە ژێرخانێکی ئەلکترۆنی بەهێز بۆ جولە و چالاکی زانستی سەرجەم زانکۆکانی کوردستان بنیاد بنرێت، شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم داتایانە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی زانکۆکان و داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ پێشخستنی کەرتی خوێندنی باڵا.

هەروەها وەزیری خوێندنی باڵا دەربارەی کاریگەری ئەم ڕیزبەندییە وتی : گوگڵ سکۆڵەر سایتەیشن لە ساڵی ٢٠٠٥ تەنها (٥٠٠٠) بووە، ژمارەیەکی زۆر کەمی توێژەرانیش ئەکاونتیان لە گوگڵ سکۆڵەر هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ دا گوگڵ سکۆڵەر سایتەیشنی کوردستان گەیشتووەتە (٦٨٥٦١)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی ئاستی کاریگەری توێژینەوەکانی کوردستانە .

ڕیز بەندی زانکۆکانیش بەم جۆرە بوو کە وەک وەزیری خوێندنی باڵا ئاماژەی پێدا بە شێوازی ڕاندۆم ڕێکخراون لە گروپی B

زانکۆی صەلاحەدین

گروپی B

زانکۆی سۆران

زانکۆی سلێمانی

زانکۆی کوردستان ژ هەولێر

زانکۆی دهۆک

زانکۆی کۆیە

زانکۆی هەولێری پزیشکی

گروپی C

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

زانکۆی چەرموو

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

زانکۆی ڕاپەڕین

زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک

زانکۆی گەرمیان

زانکۆی زاخۆ

گروپی D

زانکۆی هەڵەبجە

زانکۆ تایبەتەکان ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی B

لە نێو گروپی B بە شێوازی ڕاندۆم ڕێکخراون

گروپی B

زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق سلێمانی

زانکۆی تیشکی نێو دەوڵەتی

زانکۆی جیهان هەولێر

زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی

زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆژیا

زانکۆی نەورۆز

گروپی C

زانکۆی جیهان ژ سلێمانی

زانکۆی جیهان ژ دهۆک

زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

زانکۆی نۆلج

گروپی D


زانکۆی کاسۆلیک

زانکۆی ئەربیلی نێو دەوڵەتی

زانکۆی بەیان

خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ کتێبی

هەڵدێرانی عێراق لە ڕوانینی (سەرۆک بارزانی)یەوە





کاروان محەمەد سینو

هەر لەسەرەتای هەفتەی رابردوو هەڵدێرانی عێراق بۆ هەموو کەسێک ئاشکرابوو، ئەستەمیشە پێشبینی بکرێ ئاخۆ ئاکامی ئەم هەڵدێرانە بەکوێ دەگات؟!. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوەستەیە، جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی هەر لە ساڵی 2010ـەوە، هەستی کردووە بە ڕێژەوی ناتەندروستی حوکمڕانی عێراق و ئاراستەی بەرەو هەڵدێرانی عێراق دەڕوات.

لەوکاتەوە سەرۆک بارزانی لە هەموو دیدار و بۆنە و سەردانەکانی، بەردەوام هۆشداری داوە بە رای گشتیی جیهان و خەڵک و بەرپرسانی عێراق، کە شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا ناتەندروستە و ڕووەو تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت و هەڵدێران هەنگاو دەنێت و کەسانێک دەخوازن عێراق دوور لە فیدراڵیەت و بنەمای شەراکەت و پێکەوەژیان و یەکسانی ئاراستە بکەن و بوونەتە ئەگەری پێشێل کردن و شکاندنی دەستووری عێراق. هەروەها جەنابی سەرۆک بارزانی پێشبینی ئەوەشی کردبوو، کەئەم هەڵوێستە و ڕەفتارانەی دەسەڵاتدارانی بەغدا دەبێتە ئەگەری هەڵدێرانی عێراق. بەڵام بەداخەوە بەرپرس و دەسەڵاتدارانی عێراق هەرگیز خەمخۆری ئەوەنەبوون کە عێراق ڕووەو هەڵدێرە و وەکو دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی فیدراڵی، ڕۆژ دوای ڕۆژ سەروەریی خۆی لەدەست دەدات، تاکو گەیشت بەم ڕۆژە و ئەمڕۆ عێراق پێینایە کەندەڵانی هەڵدێران و دەسەڵات و بریار و سەروەریی نیشتیمانی لەدەستداوە. هەروەها ئەمڕۆ عێراق بۆتە مەیدانی تەسفیەی حیسابات و هەڕەشە و شەڕ و مووشەکبارانی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەمەش بەجارێک عێراق وەکو خاک و وڵات دەخاتە بەر مەترسییەکی زۆرگەورە کە دەرچەو و ئاکام و ئایندەی دیارنییە.

لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووس (ئاسۆ عەلی فەرەج) کتێبێکی دانسقەی ئامادە کردووە بە ناونیشانی "هەڵدێرانی عێراق لە ڕوانینی (سەرۆک بارزانی)یەوە". ئەم کتێبە قەوارەکەی17سم*X24سم، بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە 430لاپەڕەدا چاپ کراوە و بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان ژمارە (2591)ی ساڵی 2019ی پێسپاردووە، هەروەها (زکری موسا) سەرپەرشتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە. لەم کتێبە پڕ بەهایەدا دەقی گوتار و سەرنج و هۆشداری و پێشبینییەکانی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بڵاوکراوەتەوە دەربارەی هەڵدێرانی عێراق، هەر لە ساڵی 2010ـەوە تاکو کۆتایی ساڵی 2017.

پاش خوێندنەوەی وردی ئەم کتێبە ناوازەیە، دەستخۆشی لە ئامادەکار و سەرپەرشتکاری ئەم کتێبە "هەڵدێرانی عێراق لە ڕوانینی (سەرۆک بارزانی)یەوە" دەکەین و دەستی ماندوو بوونیان دەکوشین، چونکە بەراستی ئەم دوو بەرێزە ئەرکێکی زێدە قورسیان کێشاوە بە کۆکردنەوەی گوتار و سەرنج و هۆشداری و پێشبینییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی دەربارەی (هەڵدێرانی عێراق) لە ماوەی 10ساڵدا. هیوادارین ئەم کتێبە دانسقەیە شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردی و عەرەبی ئینگلیزیدا بکاتەوە کە بەهەرسێ زمانەکە چاپ بووە. لەو باوەڕەدام کە ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ قوتابی و ڕۆژنامەنووس و چاودێرانی سیاسی و توێژینەوەر و لێکۆڵەر و مێژوونووسان و قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا...هتد. چونکە ئەم کتێبە بەبێ ڕتووش بڕیتییە لە دەقی گوتار و سەرنج و هۆشداری و پێشبینییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی دەربارەی (هەڵدێرانی عێراق) لە ماوەی 10ساڵدا، کە لە ئەنجامدا ڕێک هەروەک چۆن جەنابی سەرۆک پێشبینی کردبوو، ئاوا ئەمڕۆ عێراق خزایە نێو کەندەڵانی هەڵدێران. خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەرچاوڕوونیمان دەداتێ لە چۆنییەتی حوکمڕانی و عەقڵیەتی حوکمڕانانی عێراق پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن(2003). هیوادارین هەموو لایەک سوود لەم کتێبە دانسقەیە وەرگرێت.

ئینجا لەبەر گرنگی بابەت و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە "هەڵدێرانی عێراق لە ڕوانینی (سەرۆک بارزانی)یەوە"، لە خوارەوە بۆ نموونە چەند دەقێک لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە وەردەگرین و بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات دەخەینەڕوو،

*** ڕۆژی 6ـی 9ـی 2011 لە کۆنفرانسی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دهۆک، جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی فەرمووی:** "لەگەڵ بەغدا ناتوانم بڵێم ناکۆکیمان نییە، دوای ئەوەی کورد ڕۆڵی گرنگی لە پێکهێنانی حکوومەتی ئێستای عێراقدا بینی، پێش ئەوە زۆر ڕێککەوتن لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی حکوومەتی بەغدا پێکهات هەروەکو ئەوەی ئەو ڕێککەوتنانە نەبن، خەریکە دیسان وەزعەکە بەرەو تاکڕەوی لە حوکمڕانی دەچێت، ئێمە نامانەوێ هیچ کێشەیەکی وا بمێنێ کە چارەسەر نەکرێ، مەسەلەی ماددەی 140 مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، ئێمە بۆیە قبوڵمان کرد لەگەڵ عێراق بمێنینەوە و دەنگمان بەدەستووردا، چونکە یەکێک لە شاکارەکانی ئەو دەستوورە ماددەی 140 و ڕێگەی چارەسەری داناوە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، ئێستا ئەمە پشتگوێ بخرێ و فەرامۆش بکرێ زەمەن ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات، چارەسەری ئەم کێشەیە چارەسەرە، ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ هەمیشە قابیلی تەقینەوەیە"، هەروەها جەنابی سەرۆک گوتبووی: " لە عێراق لەم زروفەدا کە کێشەی ناوخۆی عێراق یەکجار زۆرە و قوڵ و جددیشن، بەڵام سەبارەت بە کێشەی هەرێم مادام ئەم دەستوورە هەیە و تا عێراق پابەند بێت بەم دەستوورە ئێمە کێشەیەکی گەورە نابینین. ئەگەر ئەو دەستورە جێبەجێ بکرێ ئێمە هیچ کێشەیەکمان نابێت، ئێمە وەک کوردستان بەشێک نین لە مللمانێی تائیفی لە عێراق کە ئەمە کێشەیەکی بنەڕەتی و گەورەیە لە عێراق، دواتر دەبێ زۆر کەس ئەوە بزانێ مەسەلەی ئێمە زۆرینە و کەمینە نییە لە پەرلەمان، بەڵکو ئێمە نەتەوەی دووەمین لە عێراق و عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیە، ئەگەر وا بیر بکرێتەوە هەموو جار بچن لە پەرلەمان دەنگ بدەن بە تەئکید ئێمە هەمیشە زەرەر دەکەین، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە هەرێمەوە هەیە لە دەستووریشدا هاتووە قانوونی هەرێم دەخوات، ئێمە لە مەسەلەکانی سەروەریدا کێشەمان نییە. بەکورتی ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە ئەگەر ئیلتزام بە دەستور بکرێ".

*** هەروەها لە پێشبینییەکی دیکەی جەنابی سەرۆک کە جێگای ڕامانە، بەڕێزیان لە ساڵی 2012 پێشبینی ڕەچوونی عێراق بەرەو هەڵدێر کردبوو، بۆیە لە پەیامی خۆیدا بەبۆنەی نەورۆزی ساڵی 2012 بەڕێزیان ڕایگەیاندبوو:**

" کاتی ئەوە هاتووە بڵێین ئیتر بەسە، عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت، خەریکە چەند کەسێک حوکمی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت ببەن، عێراق لە قەیرانێکی جددی دایە. بە نسبەتی ئێمە بە هیچ شێوەیەک قابلی قەبول نییە بەردەوام بوونی ئەم وەزعە، بۆیە داوا لە ڕابەرانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی تێکڕای عێراق دەکەم هەرچی زووتر دانیشن و بەپەلە چارەسەرێک بۆ ئەم وەزعە بدۆزنەوەو ئالیەتی بۆ دابنێن و لە کاتێکی کورت چارەسەری ئەم وەزعە بکرێت، ئەگینا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمان وە بڕیاری کۆتایی میللەتی ئێمە دەیدات پاشان با کەس گلەیی نەکات."

* شایانی باسە کە جەنابی سەرۆک بارزانی هەردەم دید و ڕا و بۆچوون و پێشهاتەکانی بە ڕای گشتی و وڵات و بەرپرس و حوکمڕانانی هێز و زل هێزەکان ڕاگەیاندووە، بەڵکو چارەیەک بدۆزرێتەوە بەرلەوەی عێراق بەرەو هەڵدێر بچێت. بۆ نموونە سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەل حورە لە 8ـی 4ـی 2012ڕایگەیاندبوو: "من دیدی خۆم ومەترسییەکانی خۆم لەبارەی ئایندەی عێراق بۆ سەرۆک ئۆباما شیکردەوە ،هەموو وردەکارییەکانم بۆی باسکرد، کەوا عێراق بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت دەچێت وقەیرانێکی ڕاستەقینە هەیە، دەبێ عێراق بەشەراکەتێکی ڕاستەقینە حوکم بکرێت کەواتای هەبوونی وەزیرێک یان چەند وەزیر نییە ، بەڵکو هاوبەشییە لەبڕیاردان لەبارەی پرسە چارەنووسساز و سەرەکییەکان وپابەندبوون بەدەستوور، من ڕاستییەکانم بۆ گەلی کورد و گەلی عێراق ڕوونکردەوە و داوام لەلایەنە سیاسییەکان کرد، ئێستاش داوا دەکەم ئاگاداری بارودۆخەکە بن وچارەسەریی گونجاو بدۆزنەوە، چونکە ئامانجی ئێمە چارەسەرکردنی بارودۆخە، بەڵام بێگومان بارودۆخی ئێستا بەدڵی ئێمە نییە. لەدیدارێکدا لەسەر ئاستێکی باڵا بەئامادەبوونی ئەفسەر و پلەدارانی سوپا باسی ئەوە کرابوو {دەبێ چاوەڕوان بین تا فڕۆکەی F16دێت بۆ ئەوەی ئەرکی ئێمە ئاسان بکات کورد بۆ دوای (سەلاحەددین) بکشێنینەوە} ، ئێمە وامانەدزانی ئەو کولتوورە کۆتایی پێهات. ئێمە برای یەکین وعێراقی تازە بونیاد دەنێینەوە بەڵام بەداخەوە عەقلییەتەکە هەر ماوە، فڕۆکەی F16 لای ئێمە هیچ جیاوازییەکی لە مێک 23و 25ومیراج F1و سیخۆی 24 نییە ، هەموویان یەک شتن. هەموویان دەکوژن و وێران دەکەن، بەڵام ئێمە چۆک دانانێنین".

* هەروەها سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەو دیدار و چاوپێکەوتنەکاندا، هەردەم هۆشداری داوە کە عێراق تووشی قەیرانی ڕاستەقینە بووە و بەرەو هەڵدێر دەچێت و تاقم و لایەن و دەستەیەک هەن کە دەیانەوێ تاکڕەوانە عێراق بەڕێوەببەن و تووشی نەهامەتی و دارمانی بکەن، هەردەم سەرۆک بارزانی دەستپێشخەر و ئامادەیی کوردستانی دەخستەڕوو بۆ ڕزگارکردنی عێراق. لەم ڕووەوە لە 30ـی 7ـی 2012لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە جەنابی سەرۆک ڕایگەیاند: "عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی ڕاستەقینە بووەتەوە و ئێمە دوو جۆر کێشەمان هەیە ، یەکێکیان کێشەیەکی گشتییە بۆ عێراق و ئەوی دیکەشیان کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە. ئێمە داوای چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکان دەکەین، بۆ ئەوانەی سەرتاسەری عێراق و ئەوانەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا. داوا لە سەرکردە عێراقییەکان دەکەم ئەگەر ئەوان ئامادەن و بێن گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن، ئێمە ئامادەین هەموو شتێک بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. ئەگەر کوتلە سیاسییەکانی دیکە ئامادەنەبن ئەوە من دەگەڕێمەوە بۆ لای گەلی کورد و ئەوسا داوایان لێ دەکەم کە چی بکەین، ئەمە ئەم عێراقەی جاران نییە. ئێمە بەشداربووین و هاوبەشبووین لە بنیاتنانی عێراقی تازە. عێراقی تازە دەبێت بە هاوبەشانە بەڕێوەبردرێت. هەروەها دەبێت هاوبەشێتی هەبێت، هاوبەشی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا، نەک یەک کەس و یەک تاقم وڵات بەڕێوەبەرن. ئێستا کێشەکە لەسەر ئەمەیە. کێشەی حوکم یەک کەس و خۆسەپاندنی حوکمڕانی مەرکەزییە. پێم وانییە هەتا عێراقییەکانیش ئەمەیان قبوڵ بێت، نە سوننە و نە شیعەکان ئەم بارودۆخەی ئێستایان قبوڵە، جەماعەتێک بتوانن هەموو وڵات بەرەو هەڵدێر ببەن. ئەمە ماباقی عێراق قبوڵی نییە. باوەڕناکەم ئەوان ئەم جۆرە ڕەفتارەیان قبوڵ بێت کە یەکێک ویستی خۆی بسەپێنێت. جا یان ئەوەتا ئێمە شەراکەتی ڕاستەقینەمان دەبێت لەم وڵاتە، یان خەڵکی عێراق، بە شیعە و سوننەوە، ئەم دۆخەی ئێستا قبوڵ ناکەن".

*** شایانی باسە وێڕای ئەوەی سەرۆک بارزانی لە مێژەوە پێشبینی هەڵدێرێی عێراقی کردبوو، و هەردەم هۆشداریی بە هەڵدێرانی عێرق دەدا، هەروەها بەرێزیان ئەگەر و هۆکارەکانی هەڵدێرانەکەی دەستنیشان دەکرد و ڕێگە چارەی تەندروستیشی دەخستەڕوو، بۆ نموونە، لە بەیاننامەیەکی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ ڕای گشتی کە لە 19ـی 1ـی 2013بەڕێزیان ڕایگەیاند:** "ماوەیەکی درێژە عێراق بەهۆی فەرامۆشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوواڵتیان و پەراوێزخستنی شەریکەکان و جێبەجێ نەکردنی دەستوور و ڕێککەوتنەکانەوە بە تەنگژەیەکی گەورە تێدەپەڕێ و کاردانەوەیەکی هێناوەتە ئارا، کە گوزارشت لە بێزاری گەلی عێراق بە تەواوی پێکهاتە و زانیاریی ئایینی و مەرجەعە بەڕێزەکان حزب و ڕێکخراوەکان دەکات. لە کاتێکدا ئەرکی حکوومەتی فیدراڵە دەستپێشخەری ئاقلانە بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵام بۆ ئالۆزبوونی تەنگژەکە و فەرامۆشکردن و هەڕەشە و پەراوێزخستن کاری کردووە، بەهۆیەوە مەترسیەکە زیادی کردووە و لەوانەیە ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە".

* تەنانەت لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکانیش، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەردەم هەوڵی داوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لە هەڵدێرانی عێراق ئاگادار بکاتەوە و پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە هەرچی زووە چارەیەک بۆ دۆخی عێراق بدۆزرێتەوە. لەم ڕووەوە ڕۆژی 20ـی 1ـی 2017لە میانەی بەشداری کردنی جەنابی سەرۆک لە پانێلێکی کۆڕبەندی جیهانی ئابووری داڤۆس، سەرۆک بارزانی ڕایگەیاندبوو: "پێویستە کاربکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی مللمانێی ئایینی و مەزهەبی و تاییفی لە عێراق و ناوچەکە، ئەگینا سەقامگیری نایەتە ئاراوە، کێبڕکێ و مللمانێی ئایینی و مەزهەبی و تائیفی لە عێراق و سووریا بوونی هەیە و ئەوە واقیعە و چارەسەری بەپەلەشی ئەستەمە، بەڵام پێویستە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک ئەگینا سەقامگیری لەو دوو وڵاتە نایەتە ئاراوە".

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو، کە بەبەرهەم گەیاندنی ئەم کتێبە کارێکی ئاسان نەبووە و هەڵبەت بەدواداچوون و پێداچوونەوەی زۆری پێویستبووە بۆ دیاری کردن و هەڵبژاردن و ئامادە کردنی گوتار و دیمانە و هەواڵ و بەیاننامەکانی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەربارەی هەڵدێرانی عێراق. بۆیە دەستخۆشی و ماندوونەبوون لە ئامادەکار و سەرپەرشتیاری ئەم کتێبە پڕ بەهایە دەکەین.

محكمه بداءه ئاكري

العدد: 1/استملاک/2019

التاريخ/ 8/1/2020

الى /المستملك منه/ علي عبدالرحيم احمد اصدرت هذه المحكمه فى دعوي الاستملاک المرقمه اعلاه حكما غيابياب بحقک جاء فيه نزع ملكيه مساحه 407.12 متر مربع من القطعه المرقمه 12مقاطعه 136بساتين قابكى و صارمى منک ومن المستملک منه الاخر مجانا وبدون عوض و تسجيلها باسم دائره المستملک اضافه لوظيفته (رئاسه بلديه ئاكري) و تحميل المستملک اضافه لوظيفته المصاريف، وبما ان الحكم قد اصدر غيابيا بحقک عليه قررت المحكمه نشر الحكم المذكور فى جريدتين محليتين يوميتين بحيث يحق لک الاعتراض و التمييز على الحكم المذكور خلال المده القانونيه و بعكسه يكتسب القرار الدرجه القطعيه وفق الاصول.

القاضي/ خالد عثمان يوسف

* * *

فقدان

هويه وزاره الداخليه رقم الهويه/ 1167211تاريخ الاصدار 13/5/2009اسم عبدالله طه عثمان شيره ون بووه هەرکەسێک دۆزييەوه بيگەڕێنێتەوه شوێنى دەڕچوونى.

* * *

ون بوون

مۆلەتى پيشەيى (لخيمچى) لەبەڕێوەبەرايەتى كار دەڕچووە ژمارەى مۆلەت 4238 بەناوى سامان ياسين عزيز ون بووە هەرکەسێک دۆزييەوه بيگەڕێنێتەوه شوێنى دەڕچوونى.

* * *

ون بوون

ناسنامەى سەندیکاى ئەندازیارانى کوردستان لقى هەولێر بەناوى انتصار مجيد شهيد وون بووە هەرکەسێک دۆزييەوه بيگەڕێنێتەوه شوێنى دەڕچوونى.

* * *

زانكۆى هەولێر پزيشكى

بەڕێوەبەرايەتى كاروبارى ياسايى

ئاگادارى كەمكردنەوە

ژمارە (1)

سەرۆكايەتى زانكۆى هەولێر پزيشكى بانگهێشتى گشت كۆمپانياكان دەكات بۆ بەشدارى كردن لە كەم كردنەوەى نەهێنى بۆ مەبەستى پرۆژەى (كپينى پێداويستى و ئامێرى تاقيگەيى بۆ كۆلێژى دەرمانسازى)ى سەر بە زانكۆكەمان كە نرخى كڕينى تەندر (50.000) پەنجا هەزار دينارى عيراقيە كە ئاگەڕێتەوە بۆ خاوەنەكەى وە كڕيتى بلاوكردنەوەى ئەم ئاگادارييە دەكەوێتە ئەستۆى ئەو كەسەى كە تەندرەكەى بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنى تەندەرەكان لە رۆژى بلاوكردنەوەى ئەو ئاگادارييە دەست پێدەكات.

* دواكات بۆ گەراندنەوەى تەندەرەكان ماوەى (15) رۆژ دواى بلاوكردنەوەى ئەو ئاگادارييە دەبێت تا كاتژمێر (10) بەيانى.

مەرجەكانى بەشدارى كردن:

1- پێشكەش كردنى بەڵگەنامەى دامەزراندنى كۆمپانيا.

2- پێشكەش كردنى پاكانەى بەرێوەبەرايەتى باجى دەرامەت.

3- دەبێت كۆمپانيا تايبەتمەندبێت بە بوارى ئامێر و كەل و پەلى پزيشكى.

4- دەبێت كۆمپانيا پابەندبێت بە بەڵێننامەى نووسراو بۆ دەستە بەركردنى تەندەر (التعهد الخطى) لەگەڵ زانكۆكەمان.

5- سزاى دواكەوتنى رۆژانە بەپێى برگەى (سێيەم)ى ماددەى (82) لە رێنمايى ژمارە (2) سالى 2016رێنمايى جێبەجێكردنى گرێبەستە حكوميەكان دياری دەكرێت.

6- ماوەى پرۆژە (60) شەست رۆژى تقويمييە.

7- ئەو كۆمپانيايانەى لە دەرەوەى هەرێمن پێويستە پشتگيرى تۆمارى بێنێت لەلايەن (بەرێوەبەرايەتى گشتى بازرگانيەوە)

8- بەڵگەنامەى كارى هاوشێوەى پێشكەش بكات.

9- سەرۆكايەتى زانكۆكەمان پابەند نييە بەكەمترين نرخ.

10- سەرۆكايەتى زانكۆكەمان بۆى هەيە ئەو تەندەرە الغاء بكاتەوە پێش دەرچوونى نووسراوى سپاردنى كارەكە.

11- ماوەى بەسەرچوونى تەندەر (90) رۆژى تەقويمييە لەبەرواری داهستنى تەندەر.

12- هيچ تەندەرێک دوای كاتى دياری كراو وەرناگيرێت و صندوقى تەندەر دادەخرێت.

13- گەراندنەوەى تەندەر لە بەرێوەبەرايەتى ياسايى دەبێت و لەناو زەرفێکى داخراو كە ناوی مۆری كۆمپانيای لەسەر بێت لەگەڵ دياری كردنى ناوی كەمگرێكە.

بەرێوەبەرايەتى كاروبارى ياسايى

* * *

دادگاى بارى كەمى هەولێر/ 1

ژمارە:3212/ش1/2019

رێكەوت: 8/1/2020

جاردان

بۆ داوالێكراو (حسن عبدالكريم مصطفى)

ئامازە بە داواى ژمارە (3212/ش1/2019) كە تايبەتە بە داواكار (كبرى اكرام محمد) وە داوالێكراو (حسن عبدالكريم مصطفى) كە جۆرى داواى بريتييە لە (تفريق) دەكات وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانيشتنت نادیارە، بەپێى اشعارى موختارى گەرەكى لاوان ستى دادگا بڕيارى دا لەڕێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆيى ئاگادارت بكاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگايە لەرۆژى دادبينى 22/1/2020 كە خۆت ئامادەبێت يان جێگرى ياسايى لەجاتى خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبينى ئەنجام دەدرێت.

دادوەرى يەكەم/ دیار محمد علی

* * *

دادگاى بارى كەمى هەولێر/ 4

ژمارە:3634/ش4/2019

رێكەوت:9/1/2020

جاردان

بۆ داوالێكراو (امين مذكور فهد) شوێنى دانيشتنت نادیارە

ئەم دادگايە لە داواى ژمارە (3634/ش4/2019) لەرێكەوتى 5/1/2020كە لەداواكاى بارى كەمى هەولێر دەرچووە دادگا بڕيايدا بە (تفريق بسبب الهجر) لەسەرت تۆمڕكراوە وە لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێبوونت نادیارە بەپێى ئيشعارى موختارى چوارچرا/ هڤالان بۆيە بڕيارىدا بە پێراگەياندنت بەهۆى دوو رۆژنامەى ناوخۆيى رۆژانە كە لەهەرێمى كوردستان دەردەچێت تۆ مافى نارەزايى و پێداچوونەوەت هەيە لەماوەى ياسايى لە رۆژى پێراگەياندنت بەپێچەوانەوە بڕيارەكە پلەى بنبڕ وەردەگرێت بەپێى ياسا.

داوەر/ صباح حسن رشيد

* * *

پارێزگاى هەولێر

بەڕێوەبەرايەتى گرێبەستە گشتييەكان

ژمارە: 1

رێكەوت: 2020 / 1 / 9

ئاگادارى

كەم كردنەوەى نهێنى / ژمارە (1)

پارێزگاى هەولێر/ بەڕێوەبەرايەتى گرێبەستە گشتييەكان / كەم كردنەوەى نهێنى رادەگەيەنێت بۆ پرۆژەى (دابينكردنى بۆرى 110ملم + محاوێلەى كاربا + kv100 هەلكەندنى يەک بيرى ژمارە 70لە گەرەكى ژين لە دارەتوو) كە (بەڕێوەبەرايەتى ئاوى هەولێر) پێى هەلدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و كۆمپانيايەک ئارەزووى بەشدارىوونى هەيە با سەر لەبەڕێوەبەرايەتى ژێرێارياڵن بدەن بەمەبەستى وەرگرتنى وێنەيەک لەتەندەر و مەرجەكانى بەڵێندەرايەتى پرۆژەى سەرەوە بەمەرجێک وەرگرتنى ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکى مۆركراو دابێ و وە ناونيشانى بەڵێندەر يا كۆمپانيا لەسەر نووسراو بێت و پێشكەش بەسكرتێرى ليژنەى كردنەوەى تەندەرەكان لەديوانى پارێزگاى هەولێر / كارگێرى خۆجێ يەتى بكرێ وە دوا كاتيش بۆ وەرگرتنەوەى تەندەرەكان كاتژمێر 12ى نيوەڕۆ رۆژى (دوو شەمە) رێكەوتى 2020 / 1 / 27دەبێت.

وە مەرج نييە فەرمانگەكەمان بەنزمترين نرخى تەندەر رازى بێت ،وە كڕيتى بلاوكردنەوەى ئاگەيەنداندنى دەكەوێتە ئەستۆى ئەو كەسەى كە كەم كردنەوەى لەسەر دەگيرسێتەوە.

مەرجەكانى وەرگرتنى تەندەر:

- كۆمپانيا لە پلە 10كەمتر نەبێت و نوێ كراوە بێت.

- باجى دەرامەت نوێ كراو بێت.

- بەڵێننامەى نووسراو بۆ دەستەبەركردنى تەندەر (التعهد الخطى) لەنێوان بەرێوەبەرايەتى گرێبەستە گشتيەكان و بەڵێندەر.

- دەبێت ناسنامەى كۆمپانيا يان نوسينگە نوێ كراوە بێت و لەگەل خۆى بێنێت و بەناوى خۆى بێت ئەگەر بەناوى خۆى نەبێت دەبێت نووسراوى رێێپێدان لەلايەن كۆمپانيا بێنێت.

- فرۆشتنى تەندەر (50.000) پەنجا هەزار دينار كە ناگەڕێتەوە.

د. فەرسەت سۆفى عەلى

پارێزگارى هەولێر

* * *

ئاگادارى

بەرێوەبەرايەتى ئەندازەى پارکەكانى هەولێر لەڕێگاى لێژنەى زيادكردنى ئاشكرا (المزايده العلنيه) هەلدەستێ بە بەكڕێدانى شوێنى (زەوى) بۆ دانانى دوو سێت يارى (ترامپۆلاين و سالتۆ) لە پارکى (كانيبو) لەڕێگاى زيادكردنى ئاشكرا بۆ ماوەى 1 يەک سالّ بەپێى ياساى ژمارە 32ى سالّى 1986 زيادكردنەكە لە كاتژمێر 12ى نيوەڕۆ دەست پێدەكات كە دەكاتە 30يەمين ڕۆژ كە دەكەوێتە ڕێكەوتى 10/2/ 2020لەناو ديوانى بەرێوەبەرايەتيەكەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەركەسێک ئارەزووى بەشداريكردنى هەيە سەردانى بەرێوەبەرايەتيمان بكات بۆ دانانى بارمتە (تامينات)ى ياسايى، كڕيگرتە و پارەى بانگكردن و بلاوكردنەوە دەكەوێتە ئەستۆى.

راگەياندنى بەرێوەبەرايەتى ئەندازەى پارکەكانى هەولێر

* * *

بەرێوەبەرايەتى جێ بەجێ كردنى هەولێر

ژمارەى دۆسيە: 60/ 2020

رێكەوت: 9/1/2020

ئاگادارى

بۆ/ بدرالدين احمد عبدالله

لەبەر نەزانين و نادیارى شوێنى نيشتەجێ بوونت، بۆيە بەپێى ماددەى (27) لەياساى جێ بەجێ كردن. بڕياردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەيەكى ناوەخۆوە پێت رابگەيەنين تا لە ماوەى (15) ڕۆژ لە ڕۆژى دواى بلاوكردنەوەى ئەم ئاگادارييە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرايەتيە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانى ڕێكارەكانى جێ بەجێ كردنى دانەوەى قەرزى (اسماعيل امين كۆلا) كە بڕى (50.000.000) مليۆن دينار. ئەگەرنا بەپێى ياسا ناچار دەكرێيت قەرزەكە بدەيتەوە.

جێبەجێكارى داد/ هەردى حمدامين همزه

* * *

بەرێوەبەرايەتى جێبەجێكردنى/هەولێر

ژمارەى دۆسيە 2016/3077/

رێكەوت/9/1/2020

جاڕدان

بەرێوەبەرايەتى جێبەجێكردنى هەولێر مولكى ژمارە (شقەى ژمارە (9) بالەخانەى 74كە كەوتوەتە هانا ستى) دەفرۆشێت، خاوەنەكەى كفيلى قەرزار طه على عبدالله كە گلدانەوەى خراوەتەوە سەر لەجياتى قەرزى ڕابەر محمد عبدالله بەبڕى/ 52.000.000 مليۆن دينار هەركەسێ ئارەزومەند 30 سى ڕۆژ لە ڕۆژى دواى ئەم بلاوكردنەوەيە لەگەل بارمتەى ياسايى كە 10% نرخە قرساوەكەيەتى ولاتنامەى عێراقى ئامادە بێت و پارەى تۆمارکردن و دەلالێش لەسەر كڕيارە.

جێبەجێكارى داد / ئارى فيصل دەباغ

1- شوێن و ژمارەى/ هەولێر- شققەى هانا ستى ژمارە 9بالەخانەى 74

2- ڕەگەزو جۆرى/ مولكى تەواو

3- سنوورو ئاگاداری/ هەر وەک لەنەخشەکەدا هاتووە

4- پێکهاتەکەی/ لەدوو ژوور و مرافق هۆل استقبال مطبخ عام.

5- ڕووبەرەکەی/ 125م2

6- پلەی ئاوەدانکاری/

7- نيشتەجێكەى/

8- نرخی قرساو/ 54.000.000مليۆن دينار.

* * *

دادگاى بەرايى هەولێر/3

ژمارە: 2134/ب2/2019

رێكەوت: 6/1/2020

جاردان

بۆ/ داوالێكراو (سعديه ياسين عبدالله)

داواكاران/ 1- سعديه 2- عدويه 3- كليزار 4- سلطانه 5- وزيره 6- فوزيه 7- كول بهار كچەكانى عبدالرحمان اسماعيل عباس) داواى ژمارە 2134/ب2/ 2019 لەم دادگايە تۆمارکردووە لەسەر داوالێكراو سعديه ياسين عبدالله داواكاران داوايان كرد چۆڵكردنى شوقەى لە بالەخانەى دووستكراو لەسەر مولكى ژمارە (356كەرتى 208تەپراوە) و دادگا لەرێكەوتى 15/12/2019 بڕيارى دا بەچۆڵكردنى شوقەى كە دروستكرا لەسەر مولكى ژمارە (356كەرتى 208تەپراوە) لەبەر ئەوەى شوێنى دانيشتنت نادیارە بەپێى اشعارى مختارى (هەولێر/ گەرەكى مستوفى) لە 4/9/ 2019بۆيە ئەم دادگايە بڕيارىدا بەپێراگەياندنت لەڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆيى بۆ مەبەستى نيشتەجێبوونت تۆ لەماوەى 15/7/2019و ژێەر نەيدار بوونا جهێ ناكنجيبوونا تە ول دیف دەقێ ياسايى كو پێتنقيە ئاگەهداريتە دەمێ دەركەتنا بڕيارى ژێ ئاگەهداريا تە بێتە كرن بە ريكا دوو ڕۆژنامەيێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازيبونێ وپێداچوونى يێ هەيى دماوەى ياسايىدا و بەروقاژيا ڤێ چەندێ بڕيار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر/ قباد شێرزاد نورى

* * *

ئاگادارى

دەرچوونى ڕۆژنامەيەک بەناوى (الوسيله) خاوەن ئيمتياز (محمد علاء مازن) و سەرنووسەر (ارشد احمد مصطفى) بە هەرسێ زمانى (كوردى و عەرەبى و E) بەشێوەى هەفتانە دەردەچێت بارەگاى سەرەكى لەشارى هەولێر/ گوندى ئيتالّى يەک دەبێت جا هەر كەسێک تێبينى يان لارى هەيە با پەيوەندى بەم ژمارەوە بكات (07503449260)

* * *

بەرێوەبەرايەتى جێ بەجێكردنى سێمێل

ژمارە /37/ت/ 2020

رێكەوت/ 9/1/2020

ئاگادارى

بۆ / قەرزار : ملكو ناصو ملكو

لەبەر نەزانين ونەديارى شوێنت بۆيە بەپێى ماده (27)ى ياساى جێ بەجێ كردن بڕياردرا لە ڕێى ڕۆژنامەيەكى ناوخۆوە پێت ڕابگەيەنين تا لە ماوەى (15) ڕۆژ لە ڕۆژى دواى بلاوكردنەوەى ئەم ئاگادارييە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرايەتيە بۆ ئەنجامدانى ڕێكارەكانى جێ بەجێ كردنى دانەوەى قەرزى (بيداء عبدالرزاق قاسم) كە بڕى (بڕێوى مندال بەسرى 120000 دينار لە 1/4/2019 بۆ هەر يەكێكيان 175000دينار اتعاب و مصاريف) ئەگەرنا بەپێى ياسا ناچار دەكرێيت قەرزەكە بدەيتەوە.

جێبەجێكارى داد/ هەردى حمدامين همزه

* * *

دادگاى بەرايى عەنكاوە

ژمارە: 372/ ب / 2019

رێكەوت: 8/1/2020

جاڕدان

بۆ داوالێكراو/ كاوا غريب خضر شوێنى نيشتەجێبوون نادیار.

داواكار (خالد نعمت عزيز) داواى ژمارە 372/ ب / 2019لەسەرت تۆمارکردووە تێيدا داواى (قەرەبوو دەكات بەبرى $141774امريكى) دەكات لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێبوونت نادیارە بەپێى ڕاداشتى موختارى (پارێزگاى هەولێر/ گەرەكى بەختيارى) بۆيە دادگا بڕياريدا بە پێراگەياندنت بە پابەندكردنت بەدانى 13000 هەزار دۆلارى امريكى كە دەكاتە 15.665.000 پانزە ملێۆن و شەش سەدو شێست و پێنج هەزار دينارى عيراقى بۆيە دادگا بڕياريدا بەپێراگەياندنت بە بڕيارەكە لەڕێگەى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆى هەرێمى كوردستان بەم بڕيارە و بڕيارێكى پاشملەيە و (شايەنى نارِازى بوون و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەو مافى تانلێدانت هەيە) و لە بڕيارەكە لەماوەى ياسايىدا بەپێچەوانەوە بڕيارەكە پلەى كۆتايى وەردەگرێت بەپێى ياسا.

دادوەرى يەكەم/ مجيد سعيد برادۆستى

×××

سەر مادده (289ياسا سزا) ژێەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ دیارە بڕيار هاتە دان تو بهێيە ئاگەهدارکرن بڕيكا بەلاڤكرنێ ب دوو ڕۆژنامێن نافخويى دا ئامادەيى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا ڕوژا 2/4/2020 بو دادگەهكرنا تە و بەروقاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشمللە ل دويف ياسايێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى

سەرۆكێ دادگەها تاوانا دهوک/1

* * *

پارێزگەها دهوكێ

بوردێ كاروبارێن مروڤايەتى

ژمارە: 55/ 1

رێكەفت: 8/1/2020

ئاگەهدارى

ل ديف ياسايا فرۆتن و كرێ دانا مولكێن دەولەتێ يا ژمارە (32) ل سالا 1986كو دەستوريا كارێن ل سەر ڤى بابەتى هاتينە دانان پارێزگەها دهوكێ بوردێ كاروبارێن مروڤايەتى- ليژنا فرۆتن و كرێ دانا مولكێ دەولەتێ ڕادگەهێنيێ كو سەر زێدەكرنا ئاشكرا هەيە ژبو كڕيدانا سێ ماركێتا ل كەمپێن (دوميز 2-1) يێن پەنابەرا (ماركێتا نزار تێكست ل كەمپا دوميز 1ب ڕووبەرێ 2976م2) و (ڕۆژئاڤا ماركێت 1ل كەمپا دوميز 1ب ڕووبەرێ 2,970 و (ڕۆژ ئاڤا ماركێت 2 ل كەمپا دوميز 2ب ڕووبەرێ 1047.3م2) هەر ئێک ژوانا بو ماوێ (2) دوو سالا هەر كەسەكێ بڤێت پشكدارى دڤێ سەرئێک زێدەكرنا ئاشكرا دا بكەت داخازێن خو دگەل دابينكرنا (20%) ژبهايێ خەملاندنێ پێشكێشى كارگێريا كەمپا دوميز 1بكەت د ماوێ (30) سێ ڕوژا ژ بەلافكرنا ئاگەهدارێ ل ڕۆژنامێ خەبات دات و ئەف سەر ئێک زێدەكرنا ئاشكرا دێ هێتە كرن ل 12نيڤرۆ ل كارگێريا كەمپا دوميز 1و هەر كەسەكێ سەر ئێک زێدەكرن بو بكەڤێتە دێ بهايێ ئاگەهدارێ و هەمى خەرجێێ پێتڤێ دێ دەت- دگەل ڕێزگرتنێ.

اسماعيل محمد احمد

./ پارێزگەرێ دهوكى

بو كاروبارێن ئاوارا و پەنابەران

* * *

سەرۆكاتيا باژێرڤانيا ئاكرێ

هويا نەخشە بنياتى

ژمارە: 344/35/35

رێكەفت: 6/1/2020

ئاگەهدارى

ل ديڤ نڤيسارا ڕێڤەبەريا نەشخەدانانا ئڤەدانى ل پارێزگەها دهوكى ژمارە (3161) ل 1/12/2019 سەرۆكاتيا باژێرڤانيا ئاكرێ ئاگەهدارکرنا جواكرنا پارچەكێ ل نەخشێ ژمارە (414) دكەت ب ڕەگەز ئاڤاهێينێ گشتى كو پارچە ئەردێ ژمارە (1) كەرتێ 94بيوک دكەڤيتە تيدا لەوما هەركەسێ پێشنيارەک يان بەرهەنگارىەک هەبيت بلا ئاراستەى سەرۆكاتيا باژێرڤانيا مە بكەن د ماوەى هەيڤەكێ دا ل ڕوژا بەلافكرنا ئاگادارييێ..

بلند رضا زبير / سەرۆكێ باژێرڤانيا ئاكرێ

* * *

بەرێوەبەرايەتى جێ بەجێ كردنى هەولێر

ژمارەى دۆسيە: 109/ 2020

رێكەوت: 9/1/2020

ئاگادارى

بۆ/ محمد طاهر عبدالله

لەبەر نەزانين و نادیارى شوێنى نيشتەجێ بوونت، بۆيە بەپێى ماددەى (27) لەياساى جێ بەجێ كردن، بڕياردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەيەكى ناوەخۆوە پێت ڕابگەيەنين تا لەماوەى (15) ڕۆژ لەڕۆژى دواى بلاوكردنەوەى ئەم ئاگادارييە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرايەتى يە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانى ڕێكارەكانى جێ بەجێ كردنى دانەوەى قەرزى (بيداء عبدالرزاق قاسم) كە بڕى (بڕێوى مندال بەسرى 120000 دينار لە 1/4/2019 بۆ هەر يەكێكيان 175000دينار اتعاب و مصاريف) ئەگەرنا بەپێى ياسا ناچار دەكرێيت قەرزەكە بدەيتەوە.

جێبەجێكارى داد/ هەردى حمدامين همزه

* * *

دادگاى بەرايى عەنكاوە

ژمارە: 372/ ب / 2019

رێكەوت: 8/1/2020

جاڕدان

بۆ داوالێكراو/ كاوا غريب خضر شوێنى نيشتەجێبوون نادیار.

داواكار (خالد نعمت عزيز) داواى ژمارە 372/ ب / 2019لەسەرت تۆمارکردووە تێيدا داواى (قەرەبوو دەكات بەبرى $141774امريكى) دەكات لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێبوونت نادیارە بەپێى ڕاداشتى موختارى گەرەكى ئاشتى و مارت شمونى لە عەنكاوە لەبەر ئەوەى دادگا بڕياريدا بۆيە پێراگەياندنت لەڕێگەى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆيى ئاگادارت بكاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژى دادبينى 16/2/2020كاتژمێر 8:00ى بەيانى ئەگەر نا دادبينى دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێى ياسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگاى كەتنى هەولێر/2

ژمارە/42/پاسپۆرت/2019

رێكەوت/ 7/1/2020

بۆ تۆمەتبارى هەلاتوو/ عدنان طاهر ابراهيم

ئاگادارکردنەوە

ئامازە بەداواى 42/پاسپۆرت/ 2019 تۆمەتبارى هەلاتوو (عدنان طاهر ابراهيم) شوێنى نيشتەجێبوت نادیارە بۆيە بە پشت بەستن بە ماددە (143) لە ياساى بنەماكانى دادگاكردنى سزا دادگا بڕيارى دا لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆى هەرێمى كوردستان بەم بڕيارە و بڕيارێكى پاشملەيە و (شايەنى نارِازى بوون و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەو مافى تانلێدانت هەيە) و لە بڕيارەكە لەماوەى ياسايىدا بەپێچەوانەوە بڕيارەكە پلەى كۆتايى وەردەگرێت بەپێى ياسا.

دادوەرى يەكەم/ مجيد سعيد برادۆستى

×××

بەرێوەبەرايەتى گشتى تۆمارکردنى كۆمپانياكان

بەرێوەبەرايەتى پشكنين و بەدواداچوون

ژمارە: 163

رێكەوت: 9/1/2020

بڕيارى سرينەوەى كۆمپانيا سنووردار

دواى تەواو كردنى سەرجەم ڕێكارەكانى پاكتاوكردنى كۆمپانيای (ئاريافۆن) بۆ (گەياندنى گشتى/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحكامى ماددەى 177 لەياساى تۆمارکردنى كۆمپانياكان ژمارە (21) ساڵى 1997هەموارکراو.

من تۆمارکارى كۆمپانياكان بڕيارمدا بە سرينەوەى ناوى كۆمپانيای ناوبراوى سەرەوە لە تۆمارەكانمان بەمەرجێ ئەم بڕيارە بڵاوبكرێتەوە بەپێى ئەحكامى ماددەى (160) لەياساى تۆمارکردنى كۆمپانياكان ژمارە (21) ساڵى 1997ى هەموارکراو.

اراس رؤوف عارف

بەرێوەبەرى گشتى تۆمارکردنى

كۆمپانياكان/ بەوەكالەت

بەرێوەبەرايەتى گشتى تۆمارکردنى كۆمپانياكان

بەرێوەبەرايەتى پشكنين و بەدواداچوون

ژمارە: 167

رێكەوت: 9/1/2020

بڕيارى سرينەوەى كۆمپانيا سنووردار

دواى تەواو كردنى سەرجەم ڕێكارەكانى پاكتاوكردنى كۆمپانيای (دێگەلە) بۆ (بازرگانى گشتى و گواستنەوەى بەرهەمە نەوتييەكان/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحكامى ماددەى 177لەياساى تۆمارکردنى كۆمپانياكان ژمارە (21) ساڵى 1997هەموارکراو.

من تۆمارکارى كۆمپانياكان بڕيارمدا بە سرينەوەى ناوى كۆمپانيای ناوبراوى سەرەوە لە تۆمارەكانمان بەمەرجێ ئەم بڕيارە بڵاوبكرێتەوە بەپێى ئەحكامى ماددەى (160) لەياساى تۆمارکردنى كۆمپانياكان ژمارە (21) ساڵى 1997ى هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەرێوەبەرى گشتى تۆمارکردنى

كۆمپانياكان/ بەوەكالەت

بەرێوەبەرايەتى گشتى تۆمارکردنى كۆمپانياكان

بەرێوەبەرايەتى پشكنين و بەدواداچوون

ژمارە: 168

رێكەوت: 9/1/2020

بڕيارى سرينەوەى كۆمپانيا سنووردار

دواى تەواو كردنى سەرجەم ڕێكارەكانى پاكتاوكردنى كۆمپانيای (STANDING ستاندينگ) بۆ (خزمەتگوزارى و بازرگانى تەكنەلۆجياى زانيارى/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحكامى ماددەى 177لەياساى تۆمارکردنى كۆمپانياكان ژمارە (21) ساڵى1997 هەموارکراو.

من تۆمارکارى كۆمپانياكان بڕيارمدا بە سرينەوەى ناوى كۆمپانيای ناوبراوى سەرەوە لە تۆمارەكانمان بەمەرجێ ئەم بڕيارە بڵاوبكرێتەوە بەپێى ئەحكامى ماددەى (160) لەياساى تۆمارکردنى كۆمپانياكان ژمارە (21) ساڵى 1997ى هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەرێوەبەرى گشتى تۆمارکردنى

كۆمپانياكان/ بەوەكالەت

پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ئایین و مەزهەب لە ئێراندا



کەمال نوری مەعروف
لە فارسییەوە گێڕیویەتی

بەشی یەکەم

ئایینزا و ئایین لە ڕۆژگاری ساسانیدا

ئەوندەی ئەو ئایینانەی لە ڕۆژگاری ساسانیدا پەیڕەوولایەنگریان هەبووە ئەمانەن:

ا: تاقمی (صابئین)، ئەم تاقمە لە پەیڕەوانی حەزرەتی (یەحیا)ن کە لە ڕۆژگاری یەکەمی زایینیدا لە شام و ڕۆژهەکانی ئەردەن دانیشتوون، بەڵام لەبەرئەوەی دوژمنایەتییان لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا هەبووە بەهۆی ئەوەی ئارەزوویان بۆ ئایینی عیسایی هەبووە بۆیە بەنابەدڵی کۆچیان کردووە.

ب: ئایینی عیسایی: ئەم ئایینە لە مەداییەنەوە تاوەکو (سەمەرقەند) پەیڕەوان و لایەنگرانی بڵاوبوونەتەوە و لەسەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمی خۆرهەڵات (قوستەنتین)دا، بەهۆیەوە ئەو ئایینە بەڕەسمی ناسراوە و توانای بڵاوبوونەوەی زیاتری بۆ ڕەخساوە.

پ: ئایینێکی ترکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە خۆرهەڵاتی ئێران ڕەواجی هەبووە (بوزی)یە.

ئەم ئایینە لەسالی 260ی پ.ز لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی (ئاشووکا)ی دەمەزرێنەری زنجیرەی (کۆشان) بووە ئاسینی ڕەسمی و کۆشانییەکانیش ترسی گەورەیان بۆ ساسانییەکان دروستکردووە هەتاکو دراویان بەناوی (پیرۆز)ی برای شاهپوری یەکەم بەدەست گەیشتووە کە پادشای باکووری خۆرهەڵاتی ئێران و خۆراسان بووە لە سەدەی سێیەمی عیسایی دا کە لە ڕووبەکدا (مەزدا پەرست)ی پیرۆز پادشای (کۆشان)ی بە ئێمە ناساندووە و لە ڕووبەکەی تریدا (بوزا خودا) نووسراوە.

ت: مەزهبی جوولەکە: لە بابل و خۆرهەڵاتی فورات و هەروەها لە ئێرانیشدا لایەنگری هەبووە، جگە لەوەش ئایینی مانەوی و خۆبەرستی و زەردەشتی و زروانی لەو سەردەمەدا ڕەواجیان هەبووە ,بەهۆی ئەوەی مەزهبی ڕەسمی لە ئێراندا ڕەواجی نەبووە. بۆیە هەتاکو سەردەمی ساسانی ئەو گەلانەی سەر بە ئێران بوون هەریەکەو باوەڕی مەزهبی ئایینی خۆیان هەبووە و تێیدا ئازاد بوون.

ساسانییەکان لە ئێراندا بەڕەسمی مەزهبی زەردەشتیان ناساندووە و بناغەی یاساییان لەسەری داناوە و لەگەڵ ڕۆحانییەکانیشدا یەکیان گرتووە. دروستکردنی ئەم پەیوەندییە لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا تاکو کۆتایی چاخەکە ماوەتەوە.

ئەردەشێری یەکەم (226-241ز) کاتێ چووەتە سەر تەخت، فەرمانی بە (هێربزان)ی قازی زەردەشتی داوە کە ناوەڕۆکی ئاوێستای پەرشوبڵاوی سەردەمی ئاشکانی (250 - 226ز) کۆبکاتەوە و لەسەر شێوەی خۆی دای بنێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پەڕاوێکی ڕەسمی و یاسایی و بڕیاری لەسەر بدرێ. ئاوێستای ساسانی کە بەشە بچووکەکەی لە نێستادا ماوەتەوە، پوختەی ئەو بەشەیە کە لە پەڕاوی هەشتەم و نۆیەمی (دینکەرد)دا هەیە و لە چاخی (9)ی زایینی بە زمانی پەهلەوی نووسراوە. لێردا تێبینی ئەوە دەکەین ئەو پەڕاوە نەک تەنیا یاسا ئایینییەکانی لەخۆگرتووە بەڵکو یاسای زۆری مەعریفی تێدا نوسراوە کە زانستی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. بەوشێوەیە ئایینی زەردەشتی لەژێر کاریگەری بیری نوێدا خۆی دیوەتەوە و مرۆڤی بەقەناعەت وەکو پیاوچاکێک کاری لە ئایینە نوێکەدا کردووە. ئەم دیاردەیەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەوانە بەرەو قاڵبوون و توانەوەی زیاتر لەناو ئایینەکەدا بچن.

لەسەردەمی ساسانییەکاندا مەیل بە خوایەک دراوە کە لە دوا بەشی کۆتایی ئاوێستادا ناوی بە ناونیشانی بنیاتگەری خوای تاکوتەنیا هاتووە کە لەسەر باوەڕی خێر و شەڕ کاری کردووە.

ساسانییەکان: موغەکان کە لەبنەچەدا خێڵێک بوون لە قەومی ماد پلەکانی ڕۆحانی لەناویاندا هەڵبژێردراون، ئەمەش لەکاتێکدا بووە شەریعەتی زەردەشت خۆڕئاوا و باشووری ئێرانی گرتۆتەوە و موغەکانیش پێشەوایانی ئایینی نوێ بوون.

لە پەڕاوی ئاوێستادا ناوی چینی ڕۆحانی بەهەمان ناونیشانی کۆنی هاتووە کە مانای (ئاترون) دەبەخشێ و لەسەردەمی ئاشکانی و ساسانیشدا کاری پێکراوە.

ئەم تایەفەیە لەموغەکان لەو ڕۆژگارەدا لەو کەسانە بوون کە بۆ ڕەگوڕیشەیەک گەڕاونەتەوە.

بەڵام ئەوانە چینێکی تایبەت نەبوون وەکو خێڵێک ناسراو بووبن و بناسرێنەوە و کاری ئایینی و پەرستنی خواوەندیان ئەنجامدابێت. لەسەردەمی ساسانییەکاندا ڕۆحانییەکان و نەجیبزادەکان واتە پادشای تایەفەکان خزم و هاوڕێی یەکتر بوون و هەرواش ماونەتەوە هەتاکو قۆناغەکانی لاوازیی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت کە هاوکاری پادشا بوون.

سەرۆکی ڕوحانییەکانیش هەمیشە لەناو تایەفەی مەغولەکاندا هەڵبژێردراون. ئەم تایەفەیە لەگەڵ ڕۆشتنی کاتدا بەرەو توند وتیژی ڕۆشتوون، بەڵگەش بۆ ئەمە میژووی ئەفسانەئامێزی پڕ شانازی شەجەرەی خۆیانە کە لە ریزی پێشەوە ناویان براوەو شەرافەتی ئەوەیان پێدراوە کە چاودێری خانەدانە گەورەکان بکەن.

ساسانییەکان بنەچەی خۆیان دەبەنەوە بۆ سوڵتانی هاخامەنشی (کەی گوشتاسپ) کە پارێزگاری لە زەردەشت کردووە بەڵام زۆرینەی خێزانە گەورەکانی سەر بەئاشکانییەکان خۆیان دەبەنەوە سەر (ویشتاسپ) لەهەمانکاتیشدا (مویز)ەکانی خاوەنی پەرستگای ئاگر بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر شاهەنشای داستانی ئێرانی (مەنوچەهر) کە ناوی لە زنجیرەی پادشا ئەفسانەییەکانی پێش سەردەمی (ویشتاسپ)دا هاتووە.

کۆمەڵەی ڕۆحانییەکان کە چوونەتەناو کارێکەوە پیرۆزییان پێ بەخشیوە چونکە ڕەنگدانەوەی ئایینەکەی بەسەرەوە بووە. ئەم تایفەیە بەگشتی دەسکەوتی ژیانیان لە کەسانی ترەوە بۆ هاتووە چونکە مافی هاوبەشیکردنیان لە کارەکانیاندا هەبووە و ڕۆحانییەکانیش سەرپەرشتیان لە هەڵسوکەوتیانا کردوون. ئەو مرۆڤانەی موغن هەموویان پیرۆزن دەچنە ناو دەعواکان و لێیان دەکۆڵنەوە و فەتوایان لەسەر دەدەن. لەم کارانەدا هەرشتێک دروست و یاسایی نەبووبێت و موغەکە بڕیاری لەسەر نەدابێت بەئەنجام نەگەیەنراوە.

هۆکارەکانی بەتوانایی ڕۆحانییەکان کە لای دەوڵەت مافی قەزاوەتیان بۆ لەدایکبوون و ژنهێنان و پاکژبوونەوە و قوربانی پێدراون هەر لەبەر ئەوانە نەبووە کە ئاماژەمان پێدان بەڵکو هۆکاری تریش هەبوون کە دەوڵەمەندبوون و مووڵک و مالیان زۆر بووە بەهۆی ئەوەی لەڕێگای جۆراوجۆرەوە بۆیان چووە. ئەم تایەفەیە لەکارەکانیاندا سەربەخۆیی تەواویان هەبووە و هەروەکو دەوڵەتێک لەنا و دەوڵەتێکدا بوون، نموونەش بۆ ئەمە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی شاپووری دووەم (309-379ز) وڵاتی ماد بەتایبەتی ئەیالەتی (ئاترۆپاتین) کە وڵاتی موغەکان بووە بۆخۆیانیان داناوە، تێیدا مووڵکی زۆریان لەکۆیستانەکانا هەبووە هەروەها یاساو ڕەسمی تایبەتیشیان بۆ ژیانی خۆیان هەبووە و هەرخۆشیان سەرۆکایەتی دارایی ئەو مووڵکانەیان کردووە کە لێیان بەرپرسیاربوون.

ڕۆحانییەکان چینێکی گەورەن لە موغەکان کە دامەزراون و بەچەند پلەوپایەیەکدا ڕۆشتوون بەڵام لەو ڕووەوە زانیاری دروست بەردەست نەکەوتووە. لێردا وادەردەکەوێت سەرۆکی پەرستگاکان نازناوی موغی پێدرابێت ئەم چینەش بەرزترین چینی (موبزان)ە. خاکی ئێرانیش لە ڕووە ئایینییەکەیەوە بۆ چەند ناوچەیەکی جیاجیا دابەشبووە بەو شێوەیەی لەهەر ناوچەیەکدا (موبز)ێ هەبووە. سەرۆکی هەموو (موبز)ەکان کە پلەی (پاپ)ی زەردەشتی هەبووە و لە (موبزان) (موبز) بووە لەهەموو بابەتە تیۆریەکانی ئایین و عەمەلیدا فەتوای داوە و لە ڕامیاری ڕۆحانییەکانیش ئاگادار بووە.

گومان لەوەدا نییە (موبزان)، (موبز) مافی لابردن و دانانی مەئموری ڕۆحانییان هەبووە بەڵام بۆ پارێزگاری کردن لە کەسایەتی ئەوان پادشایان لە شوێنی داناوە بۆ ئەو پلەیە.

دانانەکەش بۆ ئەوە بووە هەرکەسێک ئەگەر کاری پێچەوانەی دژی ئایینی وڵات بکردایە، پادشا لێکۆڵینەوەی لەگەڵیا دەکردو دادگایی دەکرد. بەڵام پادشا هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە مەزهبەکەوە بووە ڕای (موبزان)، (موبز)ی وەرگرتووە یان ڕاوێژی پێکردوون ئەمەش وایکردووە لە هەموو کاروباری وڵاتەکەدا پێڕۆز و ژنهێنان و مردوو خستنە گۆڕ و هاوبەشی کردن لە جەژنە مەزهبییەکاندا.

بەوشێوەیە گرفتی ئایینی زەردەشت لەوەدا بووە بۆ بچوکترین ڕووداو کە بەڕەو ڕووی بوونەتەوە بۆ لای ڕۆحانییەکان گەڕاونەتەوە ئەمانەش چینێکی بێکار نەبوون کە هەریەکێک لەوانە لەباوک و باپیرانەوە مووڵک و مالیان بۆ ماوێتەوە بەڵکو لەئەنجامی کاری زۆریان و سەرقاڵییاندا توانیویانە سامان کۆبکەنەوە.

ئەمانە پێویست بووە ڕۆژی چوارجار نزا بۆ خۆرو مانگ و ئاو بکەن هەروەها لەکاتی نووستن و هەڵسانیشدا دەموچاویان شۆردووە و دەسەڵاتی گەورەیان هەبێت.

